# مێژووی حوکمدارانی بابان

## لـه قەڵاچوالان

تا دروست کردنی شاری سولەیمانی

١٠٨٠ - ١١٩٩ کۆچی ٠ ١٦٦٩ - ١٧٨٤ زایین

نوسینی

**توفیق قەفتان**

**بە یاریدەی کاک فهمی قەفتان لەچاپ دراوە**

---

**چاپخانەی - سلمان الاعظمي - بەغدا**

# « ئەم دەست نووسە »

مێژووی گەلی کورد وەک دەریایەک وەهایە هەرچەند لێی هەلێنجین تەواو نابێت • ئەوەی تا ئەمرۆش نوسراوەتەوە بە دڵۆپێک ئەچێت لەو دەریایە دەرهاتبێ • جا هەرچەند دەربارەی مێژووی گەلەکەمان بنوسین هێشتا کەمە • رەنگە هەبێت لەسەر ئەو رایە بێت کە نووسینەوەی مێژووی نوێمان سوودو کەڵکی زۆرترە ، بەڵام ئەبێ ئەوە لە یاد نەکەین کە مێژووی نویمان لە سەر چاوەی مێژووی کونمانەوە هەلقوڵاوە و لە منالانی ئەو مێژووەوە هاتۆتە دەرێ • جا لەبەرئەمە پێویستی سەرشانی هەمو لایەکە وەکو چۆن روو ئەکەنە مێژووی نوێمان ئاوڕ لە مێژووی رابوردوشمان بدەنەوە •

ئەم دەست نووسەی لە بەردەستایە چمکێکی ئەو مێژووە کۆنەمانە ، و جێی شانازیو سەربەرزیشمانە ، چونکە هەرچەندە لە سەرزاریا وا دەرئەکەوێت کە مێژووی بنەماڵەی بابان بریتی‌بووە لە کۆمەڵە شەڕو شۆڕێکی ناوخۆ ، بەڵام جاروبار روخساری هەستی نەتەوایەتی بەرچاو ئەکەوێت ، وە ئەبینین هەر ئەو هەستە چەند پاشاو میرێکی بابانی هانداوە هەوڵدەن هەتا بتوانن زوربەی وولاتی کوردەواری بخەنە ژێر دەسەلاتی خۆیانەوە و لەژێر ئەو دەسەلاتەدا یەکیان خەن • بەڵام نەک هەر تەماعو بەدخویی خزمو کەسو کاری ئەو میرانە بەڵکو دەسیسەو فیتو فەنەری ئێرانو دەوڵەتی عوسمانیش ئەبوە کۆسپ لە رێی هاتنەدی ئەو ئامانجەو

پێکهاتنی ئەو یەکیتی‌یە ، چونکە ئەو دوو دەوڵەتە ئەوەیان باش ئەزانی کە لەو یەکیتی‌یەدا تیاچونی خویانی تێدایە • گومان لەوەدا نی‌یە کە ئەگەر ئامانجی ئەو یەکیتی‌یە بهاتایە دی‌و سەری بگرتایە مێژووی گەلی کورد لەو سەردەمە بەدواوە تەواو ئەگۆڕاو شێوەیەکی تری وەرئەگرت •

ئەم دەست‌نووسەی لەبەردەستایە دەمێکە نوسراوەتەوە ، واتە لە نێوانی‌سالانی ۱۹۳۰ – ۱۹٤۰ ز • وا خوا کردی‌و توانیمان بیخەینە بەردەست ، جا هەر خوا خۆی ئەزانێ چەند دەست نووسی‌تر هەن لەبەر هەرچ هۆیەک بێت رووناکی‌یان هێشتا نەدیوە ، یان رەنگە هەر فەوتابن ، ئەمەش چ زیانێکی گەورەیە لێمان ئەکەوێت •

نازانم ئەم نوسراوە مامم نوسیوێتی یان لە فارس‌یەوە وەری‌گێراوەتە سەر کوردی ، زوربەی را لەسەر ئەوەیە کە لە فارس‌یەوە وەری گێراوە ، بەلام بۆ داخی‌گران ناوی کتیبەکە نازانم‌چی‌یە • بەس ئەوە هەیە کە بەراوردی ناوەرۆکی ئەم دەست‌نووسە لەزۆر لاو شوێنا ئەکەم لەگەڵ ئەو شوێنانەی ئەمین زەکی بەگ سوودی لێ وەرگرتوە لە دەست‌نووسەکەی حسین ناظم بۆ نوسینەوەی مێژووی سلیمانی ، ئەبینم تەواو لەیەک ئەکەن ، بەلام ئەوە هەیە کە دەست‌نووسە بە نرخەکەی حسین ناظم لە هەمو مێژووی بنەماڵەی بابان ئەدوێ لە سەرەتای دروست بونی‌یەوە هەتا روخانی ، کەچی ئەم دەست‌نووسە هەتا دروست‌بوونی شاری سلیمانی باس‌ئەکا ، بگرە کەمتریش چونکە لەپڕ لە دوای شەڕی دوانزە سوارەی مەریوان ئەوەستێ‌و تەواوی ناکات ، لەوشاشەوە هەتا

دروست بووی سلیمانی پتر له ۲۵ ساڵ ئەخایێنێ ، لەم ماوەیەشدا لەسەر شانۆی وولاتی بابان گەلێک رووداو هاتو گەلێک کارەسات گەڕا • تەنیا روونکردنەوەش بۆ ئەم وەستانە کتوپڕی‌یەو تەواونەکردنی دەست نووسەکە ئەوەیە کە نووسەر یان بڵێین وەرگێڕ لەبەر هەر هۆیەک بێ وەستاوە و دوایی دەستی نەگەیشتوە تەواوی بکات •

بێ گومان نرخی ئەم دەستنووسە تەنیا لەوەدا نی‌یە کە کۆنە ، بەڵکو لەوەشدایە کە چەند دەکومێنتێکی تێدایە لە لای مێژووناسەکان رەنگە شتێکی گرنگ بێت ، وەکو ئەو نامەیەی نادرشاو شێخ حەسەنی گڵەزەردە بۆ یەکیان ناردوە • گرنگێتی دیسان لەوەشدایە کە چەند وێنەو روخسارێکی نویمان لە شێوەی گفتوگۆدا لە ژیانو کردەوەو هەستو نەستی ئاینی‌و دنیایی وخوو رەوشتی گەورە پیاوانی بابان ئەداتێ کە ئەشێ دوارۆژ بەکەڵکی ئەوەبێت هێندەی تر ژیانو رووداوەکانی ئەوسەردەمەو دڵو دەرونی ئەوانەی چەرخی رووداوەکانیان ئەگێرا روون تر بکاتەوە •

ئەم دەست نووسە لەسەر شێوەی نوسینی کوردی کۆن ، ئەو شێوەی نوسینەی نەک رۆشنبیرانی کورد پێی ئەنوسی بەڵکو مەلاو پیاوە ئاینی‌یەکان پی‌یان ئەنوسی نوسراوەتەوە • وام بەسەردا هات کە بلاوکردنەوەی بەو شێوەیە رەنگە گیروگرفت بخاتە بەردەمی خوێندەوەر • لەبەرئەوە ناچار بوم ناوەرۆکی باسەکە بگرم وەبەپێی توانا سەرلەنوێ دایرێژمەوە • جا نازانم لەمەدا چاکم کرد یان نا ؟ وهەر بۆ ئەوەی جۆری

نوسینەکەی ئەو سەردەمە بۆ دوا رۆژ بمێنێتەوە وێنەی پەرەیەکیم بە زەنگۆگراف خستە ناو کتێبەکەوە •

دوایی هیوامە ئەم چەند پەڕەیە سوودی خۆی بە میللەتەکەمان ومێژووەکەی بگەیێنێ وجێگایەك لە نامەخانەی مێژوویی کوردی بگرێت کە هەر خۆمان ئەزانین چەند هەژارە •

**دکتور کاوس قەفتان**

بەغدا نیسانی ١٩٦٩

وهم از اولاد قهقوون است حاکمی دشته تال بوده است کافر بوده است سلطان عبدالله
به امام عمر رضی الله عنه از قتل کافی رش اورا به جهنم رسانیده انوقت نواب تحویل ایشان
قبول گردانید پس از آن قبیل قتال سرکار نواب خان اسمعیل سلطان به عالیجناب ملا
باقر گفت که شما مدرس و مفتی این شهر هستی از برای خدا یک قبالة و تاریخ خوب از زبان
قوم بانه که شاهد دادند و از زبان قوم و طایفه من برای ابراهیم بیگ که ولد میرزا
بیگ است از اولاد قهقوون است و سیاه دره و ده شنوئیز که ملک اوست هرچه گفت آن
قوم با من کرده و گفته اند و من با انها گفتم هم را بنویس و عالیجناب مذبور امر فرمود
که موافق قول خان اسمعیل سلطان بنویسند معلوم است بعد از قهقوون که بقتل رسانیده شده
یک پسر مانده بود خیلی صاحب شجاعت بوده انوقت سلطان عبدالله پسر جای پدرش نهاد
علی بیگ نام نهاده و ولایت سیاه دره و شنوئیز که به او بخشیده وهم قوم بانه شهادت قصه
دادند که وقتی سلطان عبدالله ولایت بانه را گرفت و از کفر پاک کرده اند پس هم ولایت
بانه به جوی حاکم زادگان بخشیده و به ملکیت وهم نذر او کردند چونکه سلطان عبدالله نام
جدای جنابان اختیار الدین نهاده اختیار الدین سبب جنگ نکردن با اصحابان
که چون در این وقت طایفه حاکم زادگان هم حاضر مجلس بودند خان اسماعیل سلطان
فرمود به طایفه خود شما هرچه حاضر مجلس بودند از خواص و عوام هر کسانی از طایفه من
حساب کند قریه سیاه دره و شنوئیز که ابراهیم بیگ قطع بکند نفرین خدا و رسول و امامان
و اصحابان بر او باشد نواب عالی به طایفه خود فرمود معلوم بدانید سکوت شده در همه
طایفه بدر نرود چونکه سلطان عبدالله و جمیع صحابان برای اختیار الدین دعا فرموده
تا دنیا به آخر رسیده شود حکومت از اولاد اختیار الدین بدر نرود انشاء الله تعالی
ابراهیم بیگ و پدر جدی او خیلی خاصیت بر سر حاکم زاده بودند وهم زیادتر از قوم بانه

همشکذا تر بوده اند سبب آن بوده نواب عالی این قباله برای او نوشته اند سلطان
عبدالله سیاوم نام نهاده خیلی سلطان عبدالله با اصحابان ارشد قرهقون ساجد بودند
سیاوم یعنی روز رش که وقتی جنگ کرده پیش من شبا بود وهم نبویز که نام نهاده
چونکه سلطان عبدالله با اصحابان دو دفعه نماز در اینجا کرده اند دو دفعه جنگ با سلطان
عبدالله کرده اند سیاوم و نبویز که از فرموده نواب عالی این نوشتیم بعد از نوشتن سرکار
خان احمد سلطان از معضولان باز تقوی و استفصا فرمود که باید سیاوم و نبویز
کدام است جوابی دادند که از طرف سرتپه سرکوچه گردهاوشان تا کنویله بزرگ تا داری
بدارای تا کیله خاتون و از طرف کوه بلو کیله سپی و از طرف قریه گلی تا آنجای که میره بگ
بقتل رسانیده اند تا قوله مرغ و از طرف قریه کانی برد تا دارا آبگینه باید سیاوم و نبویز
گردنشینتا سرحد داری گاوره

لەم آلی ئەم وەثیقەیە دا دە ردەکەوی حضرت عبداللە کوری حضرت عومر رضی الله عنهم
بەشیری ئازایەتی ئەو نوری اسلامیت لەم ولاتەدا بلاو بوتەوە مخالی دەشتەتائی
لە ژێر دەستی قرهقون کافر دابووە ئەم دەشتەتائە لە شیمالی شرقی سلیمانیە ~~اوقعع~~
~~بووە قضای شارباژێڕ~~ هاو حدودی قضای شارباژێڕ لە ... تابیعی ناحیەی
بانەیە ئیستا لە ژێر دەستی حکومتی ایراندایە حضرت عبدالەی کوری حضرت عومر
کە قرهقونی کوشت نوری اسلامیتی لەو ولاتەدا بلاو کردەوە کوری قرهقون
قبولی اسلامیتی کرد و ناوی نا علی ولە جێی باوکی بە حاکمی دای نا
ئەمانە لەبەر معاونەت کردنیان بە مجاهدینی اسلام زوریان سعی بو کردون
ناویان ~~ناودون~~ ئەو وثیقەیە ناویان ناودون ضیاءالدین ئەم ناوە بە سیلسیلە
بویان هاتوەتە خوارەوە هەتا ~~...~~ زەمانی خان
اسماعیل سلطان دوو لەو وثیقەیەدا حقی حاکمیتیان تصدیق کراوە

**بنـــەماڵەی** بابان مێژوویان کۆنو دێرینە ، ئەم مێژووە ئەگاتە سەرەتای سەدەی یانزەهەمی کۆچی • هەتا سەرەتای ئەم سەدەیە دەســەڵاتی ئــەم بنەماڵەی بابانە نەکوژابۆوە ، بەڵام لەم ســـــەردەمە بـــەدواوە کەوتـــە کوژانەوە(١) ، ئەمەش بەر زەمانی کاکە شێخی بەدبەخت کەوت لەگەڵ کاکەمیری برایا بووە قوربانی تیغی نەفامی •

لە سەرەتای ئــەم سەدەیەوە کە باســمان کرد قەڵەمرەوەکەیــان بوبو بە دوو بەشەوە بەشێ یەکەمیان ناوچەی ( پشدەر ) بو کە بە دەست کاکەمیرەوە بوو بەشەکەی تریشیان ناوچەی ( مەرگە ) بو کە لە ژێـــر دەسەڵاتی کاکە شێخا بوو • کاکە میر بە بەشەکـەی خۆی رازی نەبو ، بەڵکو چاوی بڕیبۆ بەشەکەی کاکە شێخیش ، وهەمیشە لە هەل ئەگەڕا کاکە شێخ بفەوتێنێو سواری بەشەکەی ئەویش بێت • بۆ ئەم نیـــازو مەبەسە هەستا هێزێکی چەکداری بە دزییەوە پێکهێنا • شەوێک لـــە ناکادا دای بە سەر کاکە شێخدا خۆیو هەمو دەستو پیوەندو خێزانەکەی کوشتن ، لە ناو ئەمانە تەنها دایکی فەقێ ئەحمد کە هێشتا بەر مەمکانەبو

---

(١) بێ گومان نیاز لەمە تەینا لەو ماوەیەیە هەتا ســلەیمانی دروستکرا ، ئەگینا مێژووی بنەماڵەی بابان هەتا دوای بەش دووهــەمی سەدەی سیانزەهەم بەردەوام بوو • جا لە سەرەتای سەدەی یانزەهەمەوە بەپێچەوانەوە سەرەتای دامەزرانــدنی بنەماڵــەی بـابـانـــەو نــەک کوژاندنەوەی • (ك)

وفەقێ ئەحمد رزگاریان بوو ، لە ناو ئەو کوشتارەدا رزگاری بو و خوێ دورکردو رای کرد !

فەقێ ئەحمد کە تەنیا کوڕی کاکە شێخ بوو ، وەکو ووتمان هێشتا شیرەخۆرە بوو ، ئەو شەوی کارەساتە ، دایکی گرتی‌یە باوەشی‌و بەو شەوە تاریکە کورەی نا بە سنگی‌یەوەو دەربازی کرد •

دایکە ئەیویست ئەم کوڕە تاقانە رزگارکراوەی بەخێو بکات‌و لە شەڕو فیت‌و فەنەری کاکە میر بیپارێزێ ، هەر لەو شەوە تاریک‌و نوتەکەدا ، بە ترس‌و دڵی داخورپاوەوە ، بەڵام بە ئازایی‌و چالاکی‌یەوە خۆی گەیاندە دێی ( خدران ) ، لەوێ چوە لای ناسیاوێکی خۆیان کە کویخای ئەو دێیە بوو ، کاکە شێخ وەختی خۆی چاکەی زۆری بەسەری‌یەوە هەبوو • زۆر رێزی لێ گرتن‌و بێوەفایی لە رویانا پیشان نەدان ، بەڵکو بە قسەو بەکردەوە بۆی دەرخستن کە هەرچی لە تواناادا هەیە بۆ خزمەت کردنیان ئەیکاو کەم تەرخەمی لێوە ناوەشێتەوە • ئەم پیاوە بە چاوی پەناداری سەیری نەکردن ، بەڵکو بە چاوی ئاغایەتی‌و نوکەرایەتی تێی ئەروانین‌و لەبەر ئەوە بە دڵ‌و بەگیانەوە خزمەتی کردن • بەم جۆرە چەند ساڵێک بەسەردا رویشت‌و فەقێ ئەحمد تەمەنی گەیشتە هەشت ساڵان ، ئەوسا نایانە بەر خویندن ، لە خویندندا زیرەکی‌و فامیدەیی پیشاندا ، لە ماوەیەکی کورتدا فێری نوسین‌و خویندنەوە بوو ، هەر لەبەر زیرەکی‌و گوستاغی‌و قسەزانینی‌یەوە بوو ناویان نا ( فەقێ ئەحمد ) •

فەقێ ئەحمد خاوەنی وجودێکی زۆر رەساو ئەندامێکی زۆر رێک‌و

پێک‌و شیرین بووه • زۆر بە هێزو ئازا بووه ، لە عیزەتی نەفس‌و عـەزم‌و حلم‌و هەستی ئایین پەرستی پایەیـــەکی بەرزی هـــەبووه • بـە کورتی لاوێک بوو سیفات‌و خولقی زۆر بەرزی تیا کۆ بوبۆوه • فەقێ ئەحمـد هەمیشە بیری لەو کارەساتە ئەکردەوە کە بەسەر باوکی‌و خێـزانەکـەیـا هاتبو ، هەست‌و هۆشی هەمیشە لای ئەوەبو روژێک بێت تۆڵـەی خـۆی بسینیتەوەو مافی خۆی وەرگرێت • بەڵام دوژمنەکەی کە کاکە میری مامی بوو ، دوژمنێکی بەدەسەڵات‌و دڵرەق بوو ئەمیش بێدەســـەڵات بوو ، بەڵام هەمیشە چاوی لەو روژو هەلەوە بوو کە تۆڵەی خۆی تێدا بسێنێ ، ئەم هەلەش لەگەڵ رۆژاندا خۆی هاتە بەردەستی •

ئەم هەلە لەوەدا بوو فەقێ ئەحمد کۆمەڵێ لاوی ئازاو بەجەرگ‌و موخلیس کۆ کردەوە ، بەدزی‌یەوەو لە ناکادا دای بەسەر ماڵی مامیـــا ، زۆر بە ئاسانی بەسەریانا زاڵ بوو ، بەتایبەتی چونکە کاکە میرو مناڵەکانی ئاغاو حاکمێکی زۆردار بوون ، ئەهالی‌یەکە قینیان لێیان بوون‌و لە خوایان ئەویست هەلێک هەڵکەوێت لە ناوچن ، لەبەر ئەوە کە ئەم هەلە هاتـــە پێشەوە بێ سێودوو پشتی فەقێ ئەحمدیان گرت ، لەبەرئـەوە کەوتنـــە قەلاچۆ کردنی خێزانی کاکە میر کێیان بەردەست کەوت لە نـاویـــان بردن ، ئەوەی رزگاریش بوو سەری خۆی هەڵگرت‌و چونە ئێران ، لـە سەقزو سابلاخ جێ‌گیربوون ، لە ســـەقز خێڵی فەیزاللە بـــەگ‌و لـــە سابلاخیشدا شێخ عەلی لە ئەولادو نەتەوەی کاکە میرن • فەقێ ئەحمەد ، بەم سەرکەوتنەی تۆڵەی خۆی سەند ، هەروەهـــا ماف‌و ئیرس خـــۆی وەرگرت ، ناوچەی مەرگەو پشدەری کەوتە ژێر دەست ، ئەهالی‌یەکەش

لەبەرئەوەی فەقێ ئەحمەد بە پیاو چاکی ناوی دەرکردبو ملیان بۆ کەچ کرد[1] •

پاش ئەم سەرکەوتنە فەقێ ئەحمەد ( دارشمانەی ) کرد بە جێنشینی خۆی ، ناوچەی مەرگەو پشدەریشی لە ژێر سایەو حوکمی خۆیدا کرد بە یەک ناوچە ، بە ادارە کردنی رێکو پێکو بە عادلانە دڵی خەڵکی بۆ خۆی راکێشاو روژانی پڕ لە زورداری کاکە میری لە بیر بردنەوە • لەم روژەوە ناوی بە فەقێ ئەحمەدی دارشمانە دەرکردو وەکو زوربەی مێژووناسەکان ئەڵێن ئەم دامەزرێنەری بنەماڵەی بابان بوو • هەر ئەم فەقێ ئەحمەدە ، چیروکێکی خۆشەویستی سەیری پڕ لە روداوی هەیە کە تا ئەمرۆ لە لادیکانماندا ئەگیرێتەوەو لە نوسراوە مێژوەکانیشدا نوسراوەتەوە • جا ئەو چیروکو بەسەرهاتە کورتەکەی ئەمەیە :

لەو کاتو سەردەمەی فەقێ ئەحمەد بە میراتی باوکی گەیشتو لە دارشمانە دانیشتو پشدەرو مەرگەی لە ژێر ئیدارەی خۆیدا لەیەکدا ، لەم روژانەدا ئاگری شەڕی نێوان دەوڵەتی عوسمانیو ئیمپراتوریەتی روسدا هەڵگیرسا • ئەمیش وەکو ووتمان پیاوێکی لە خواترس بوو لەبەرئەوە بەشداربوونی لەم شەرەدا دژی گاورە روسەکان بە واجبێکی ئاینی دانا • لەبەرئەوە چی پێ کرا ، وچەندی لە تواناد بوو شەڕکەرو سواری چەکداری شوین خۆی خستو بەرەو مەیانی شەڕ رویشت • لە

---

(١) لێرە بەدواوە بنەماڵەی بابان بەو شێوەیەی لە مێژوودا ناو ئەبرێت دامەزرا ، واتە فەقێ ئەحمەد بە دامەزرێنەری ئەم بنەماڵەیە ئەژمێررێ • (ك)

مەیانی شەڕدا ئازایی‌و رەشیدی‌یەکی بێ هاوتای دەرخست ، دڵ قایمی‌و چاوو نەترسی خۆی بە هەمو سوپای عوسمانی‌و روس پیشاندا •

لەو رۆژانەدا کە شەر دەکرا ، ولە گرمـەی بەیەک چوندا لـە لەشکری روسەوە سوار چاکێک هەمو رۆژ ئەهاتە مەیانـەوەو وەکـو قورەتی وەها بو لە سوپای عوسمانی کەس دەرەقەتی نەئەهات‌و هەتا سرە هاتە سەر فەقێ ئەحمەد ، دەسـتیان دایە یەک‌و ماوەیەکی زۆر زوران بازیان کرد لە ئەنجامدا فەقێ ئەحمەد بەسەریا زاڵ بووو دەست بەستی کرد ! لەو کاتەدا بۆی ئاشکرا بوو کە ئەم سوارچاکە مەردو ئازایە پیـاو نی‌یە بەڵکو ئافرەتە ، بە پێی ناتۆری ئەو سەردەمە فەقێ ئـەحمەد مـافی ئەوەی هەبوو هەر لەوێدا بیکوژێ‌و خوێنی بڕێژێ ، هەروەهـا حـەقی ئەوەشی هەبو بیبەخشێ ، بێ‌گومان فەقێ ئەحمەد حـەیرانی ئـازایی‌و نازداری ئەو ئافرەتە بوو ، لەبەرئەوە لێی خـۆش بوو و هێنـایـەوە خیوەتەکەی خۆی‌و لە خۆشی مارە کرد ، ئافرەتەش بێ‌گومان کە عاشقی ئازایەتی‌و بە جەرگیتی فەقێ‌ئەحمەد بوبو ئەمەی پێ‌خۆش‌بوو ولەگەڵیـا گەرایەوە بۆ ماڵەوە ، ئەم ئافرەتە لە مێژوودا بە ( کەیغانی ) رووس ناوی دەرکردوە[1] • سولتانی عوسمانی لەسەر ئەم ئازایەتی‌یەی فەقێ ئەحمەد نواندی‌و لەسەر داخوازی خۆی ناوچەی مەرگەو پشدەری بـە رەسمی پێ بەخشی •

---

(۱) بە کەیغانی ئینگلیزی و یان بە کەیغانی ئـەفرەنجیش نـاو ئەبرێت • جا ووشەی ئەفرەنج لە رۆژهەلاتدا بە هەمو ئـەوروپـاییـیـە گاوەرکان ووتراوە ، بەلام لەبەر ئەوەی ئەو شەرە لەگەڵ روسـدا بـوە رێی زیاتر تێ ئەچێت کەیغان روس بوبێت • (ک)

فەقێ ئەحمەد گەڕایەوە لە ئەنجامی زبان شیرینیو خولقی جوانیا هەتا ئەهات بەرەو سەرکەوتنو پێشکەوتن ئەچو ، سنوری وولاتـەکـەی گەورە کرد ، لە بەشی ئێرانەوە ناوچەکانی گەورکو مەنگوڕو مامشو وجاخو هەروەها لەم لاشی‌یەوە ناوچەی بیتوین هـــەتـا ئـەگاتە نزیکی کویسنجق خستە ژیر دەسەلاتی خۆیەوە ، بۆ ئەمە قەت خوێنی نەئەرشت چونکە لەبەر عەدالەتو کردەوەی شیرینی‌یەوە خەلکی خۆیان حەزیـان ئەکرد بچنە ژێر سایەو دەسەلاتی‌یەوە ، چونکە شتێکی ئاشکرایە کـــە ئیداریەک بە رەحمەتو شەفەقەت بێت گەلێک چاکترە لەوەی بە تۆپو تفەنگ بێت ، بەوەش ئەو میللەتە بۆ حکومەتەکەی خۆشەویستی زیـــاد ئەکاتو بە دلو ئارەزوی خۆی خزمەتی وولاتەکە ئەکات ئەوســـاش ئەو وولاتە پێشکەوتو تر ئاوەدان تر ئەبێت •

فەقێ ئەحمەد هەرچەندە هەمو خوێندنەکەی هەر ئەو چەند کتێبـە بوو کە لە فەقێ‌یەتیدا خوێندبوی ، لە دێهاتو چۆلستانا گەورە بوبو ، لـە شارستانی‌یەتو سیاسەتەکەی شارەزا نەبو ، کەچی سەرەڕای ئەوەش لە سیاسەتو بەڕیوە بردنی وولاتو میللەتا زۆر لە زوور ئەوانەوە بو کە لە مەکتەبی گەورە خوێندویانە ، وهەر لەبەر ئەم سیاسەت وئیدارە باشـــەی توانی بە ئاسانیو سەرکەوتنەوە ئیدارەی وولات بکاتو سنوری فـراوان بکاو پێشی بخات ، فەقێ ئەحمەد زۆر نەمایەوە ، زۆری نەبرد مردو لەپاش مردنی ئیدارەی وولاتەکەی بۆ ( خان بداغی ) کوری مایەوە •

● ●

# « زەمانی خان بداغی کوڕی فەقێ ئەحمەد »

لە پاش مردنی فەقێ ئەحمەد ، خان بداغی کوڕی لەسەر تـەختی حوکمرانی دانیشت • وەکو نوسراوە مێژوویی یەکان باس ئەکەن ، خـان بداغ لە رێکو پێکیو ئازاییو بەغیرەتیدا هەروەها لـە خوڵق بـەرزیو زانیاریو عەدالەت پەرستنو زمان شیرینیدا لە باوکی کەمتر نەبووە •

خان بداغ لە تەمەنی بیست ساڵیدابوو کە لە جێی باوکی دانیشت ، لە حوکمکردنو بەڕێوەبردنی کاروباری وولاتدا راوێـــژی بـــەدایکی ئەکردو گوێی لە قسەکانی ئەگرت ، وەکو باوکی بگرە بە زیـــادەوە ئیدارەیەکی باشی وولاتەکەی ئەکرد ، لەبەر ئەوە هەتا ئەهات وولاتەکـە بەرەو گەشەکردن ئەروێشت •

بێگومان تەرەقیو پیشکەوتن هەروەها خۆشیو کامـەرانی هەموو وولاتو میللەتێک لەسەر جۆری ئیدارەی کاربەدەستانو حاکمەکـــانی وەستاوە ، واتە هەرچەند ئەو ایدارەیە چاوی لـــە خـــزمەت گوزاری میللەتەوە بێت ئەو میللەتە کامەران ترو پێشــــکەوتو تر ئەبێت ، بـــە پێچەوانەشەوە ، ئەو سەردارانە هەرچەند بە لای زورداریو دەستدرێژی وچەوساندنەوەی میللەتا هاشکێنن ئەوە ئەو وولاتو میللەتە ئەدەنە دواوەو بە ناخی زەویدا ئەچن • ئەمە یاسایەکە سروشت بۆ ئادەمیزادی دانـاوەو لێچونە دەرەوەی بۆ نییە • جا لەبەر ئەوەی خان بداغ لەســـەر رێو شوێنی باوکی رویشت وولاتو میللەتەکە بەرەو تەرەقیو پیشـــکەوتن ئەرویشت ، لەبەر ئەمەش کومەڵ کومەڵ ، وپەیتـــا پەیتـــا خەڵکی وە

عەشایری کوردی دەوروپشت بە ئارەزوی خۆیان ئەهاتنە ژێر سایەیەوە ، عەشایری ( اگو )و ( بلباس )و ( ئالان )و ( ماوەت ) هاتنە ژێر دەسەڵاتی یەوەو بەمەش رۆژ بە رۆژ سنوری وولاتەکەی و نفوذی خۆی پەرەی ئەسەند •

ناوچەی ماوەت ئەوسا تابیعی شاری ( بانە ) بوو ، حاکمەکەی بانەش خان اسماعیل سوڵتان ناوێک بوو ، پیاوێکی ئیجگار دڵرەق و خۆین رێژو زوردار بووە ، کورەکەش کە ( اسکندر ) بەگی ناو بووە لەو زەمانەدا حاکمی ماوەت بووە ؛ هەر لەوێش مردوەو نێژراوە • جا ئەوەی سەرنج رائەکێشێ ئەوەیە کە حسین ناظم افندی کەبەو ناوچەیەدا ئەگەڕێ لەسەر کێلی گۆڕەکەی اسکندر بگ نوسراوێک ئەخوێنێتەوە ، ئەو نوسراوە هانی ئەدا بکەوێتە گەڕان و پشکنین هەتا لە ئەنجامدا وەثیقەیەکی مێژوویی ئەدۆزیتەوە کە لە سەدەی یانزەهەمی کوچیدا نوسراوەتەوە ، لەو وەثیقەیەدا چەند رووداوێکی مێژوویی گرنگی تێدا بووە ، ئەو وەثیقەیە بەفارس نوسراوەتەوە ، و ماناکەی بە کوردی ئەمە ئەگەێنێ[1] •

کە گوایە حەزرەتی عەبدوڵلە کوڕی حەزرەتی عومەر بە شیری ئازەیەتی ئەو ئاینی ئیسلامەتی لەم وولاتەدا بلاووبۆتەوە • لەم وەختەدا ناوچەی ( دەشتە تاڵ ) لە ژێر دەستی ( قهقون ) ناوی کافردا بووە ، ئەم دەشتەتاڵە لە شیمالی شەرقی سولەیمانیو لە حدودی قەزای شاربازێرا

---

(١) ئەم دەستنووسەی حسین ناظم زۆر بە نرخەو زۆر لە مێژووناسەکان کە لەسەر کورد نوسیویانە بە تایبەتی لەسەر مێژووی بنەماڵەی بابان سوودیان لەم دەستنووسە دیوە • (ک)

بوو ، بەڵام ئیستە لە حدودی ئێرانەو تابع بە بانەیە • حەزرەتی عەبدوڵلە، ئەم قهقونەی کوشت ، بەڵام کوڕی ئەم ( قهقونە ) هاتە سەر ئاینی ئیسلامو حەزرەتی عەبدوڵلاش ناوی عەلی لێ ناو لە جێی باوکی بە حاکمی دای نا • ئەمانە لەبەرئەوەی زۆر هەوڵو تەقەلایان بو موجاهیدانی ئیسلام داوەو یارمەتییان داون ، ناوی ( خیارالدین )یان لێ ناونو پشتاو پشت بۆیان ماوەتەوە ، هەتا زەمانی خان اسماعیل سلطانو لەو وثیقەیەدا کە باس کرا تصدیقی حاکمیتیان کراوە •

لە زەمانی خان اسماعیل سلطاندا ، ئەم خانە اسکندر بەگی کوڕی کرد بە حاکمی ماوەت ، ئەویش لەم حاکمیەتە مایەوە هەتا زەمانی پەیدا بوونی خان بداغ کوڕی فەقێ ئەحمەدی دارشمانە، ئەوسا خان بداغ ماوەتی لە ژێر چنگ دەرهێناو خستییە ژێر دەسەڵاتو فەرمانی خۆیەوە •

خان بداغ زستانان لە دارشمانە دائەنیشتو ئیستەش لە روژهەڵاتی قەڵادزییەوە جێگایەک هەیە بە ناوی خانبداغەوەیە • بەڵام بەهارانو هاوینانی لە ماوەت ئەبردە سەر • نیازیش لەم کردەوەیەی تەنیا ئاوو هەوا گۆڕینو خۆشەویستی سروشت نەبوو ، بەڵکو نیازی لەمە ئەوەش بوو ئاگای لە حاڵو دۆخی میللەتەکەی بێ لە هەمو سوچێکی وڵاتەکەیدا ، ئەیویست لە هەمویان نزیک بێتو چاوی لێیان بێتو بە خزمەت کردنیان خۆشەویستیو رێز گرتنیان بۆ خۆی راکێشێ •

بەڵام بۆ ئەوەی نفوذی خۆی زیاد بکات وقەلەمرەوی وڵاتەکەی فراوان بکات بە ئێجگاری گواستییەوە ماوەتو ئەوێی کرد بە پایتەختی خۆی ، لەگەڵیشیا ناوچەی سیتەکو چەند ناوچەیەکی تری خستە سەر

وولاتەکەی خۆی ، ئەمە لە ساڵی ( ١٠٧٥ ) کوچیدا بوو •

بێ گومان هەر چاوی لەوەبو سنوری وولاتەکـــەی فراوان بکات بەوەی ناوچەی نزیکی تری بخاتە سەر ، بەڵام حوکم ڕەوایی لەمـە پتر درێژەی نەکێشا زوری نەبـــرد کۆچی دوایی کردو حـــوکمی بـــۆ میر سولەیمانی کوڕی بەجێ هێشت[١] •

◉ ◉

# « حکومەتی میر سلەیمانی کوڕی خان بداغ »

میر سلەیمان پیاوێکی هەتا بڵێی سەنگین‌و زرنگ بو ، بەڵام مقابـل بەمەش زۆر تونگە تەبیعەت بو ، لەگەڵیشیا پیاوێکی بە ڕەحم‌و دڵ نـەرم بوو ، هەمیشە زیانی بۆ نفوذو دەسەڵاتی خۆی نەبو •

هەر کە لە جێگای باوکی جێ‌نشین بو کەوتە هەوڵ‌و تەقەلا دان بۆ گەورە کردنی سنووری وولاتەکەی ، بۆ ئەم مەبەسە ناوچەی (قزلجە)و ( سروچکی ) خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە ، کە ئەمـــەی بەجێ هێنـــا ئەوسا رووی کردە ناوچەی ( قەراغ )و( بازیان )و ( شارەزور )و توانی داگیریان بکات‌و بیانخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە ، بەم جۆرە هەتا ئەهات

---

(١) بە پێی کتیبی مێژووی سولەیمانی هەروەها کتیبـەکـــەی ریچ‌و لونگریك‌و دائرەی معارفی ئیسلامی ، لەپاش فەقی ئەحمەد یەکسەر میر سولەیمان ( بابا سولەیمان ) هاتە سەر حوکم واتە میر سلەیمان کوڕی خان بداغ نی‌یە بەڵکو کوڕی فەقێ ئەحمەد یان برای خان بداغە ، ئـــەم نوسراوانە هیچیان باس ماوەی حوکمی ( خان بداغ ) ناکەن بەڵـکو ئەڵێن ( فەقی ئـــەحمەد ) دوو کوڕی هـــەبو ( بابا ســـــلەیمان )و ( بوداق سولتان ) • ك

سوری دەسەڵات و نفوزی فراوان ئەبو • میر سلەیمان هەر بەمە رازی نەبو ، بەڵکو چاوی بڕی یە ووڵاتی ئەردەلانیش کە ئەمرۆ بە سنە ناسراوەو لە ژێر ئیدارەی ئێراندایە ، ویستی ئەویش داگیر بکات ، لە خولیای ئەم داگیرکردن و فراوان کردنەی سنوری ووڵاتەکەیدا بوو کە بەتەواوەتی پایتەختی ووڵاتەکەی گواستەوە ( قەڵاچوالان ) واتە لە ساڵی ١٠٨٠ کۆچیدا •

حکومەتی ئێران ، ئاگای لەم کەین و بەینەی میر سلەیمان بوو ، لەم ئارەزووی سنور فراوان کردنەی ئەترساو ئەسڵەمی یەوە ، لەبەرئەوە بڕیاری دا هەتا ئەوەندەی تر بە دەسەڵات تر نەبووەو هێشتا تەواو قایم نەبووە ، هێرش بەرێتە سەری و لەناوی بەرێت ، بۆ ئەم نیازەی فەرمانی دا بە حاکمی لورستان کە هێرش بەرێتە سەر میر سلەیمان • حاکمی لورستان بە سوپایەکی گەورەی ٤٠ هەزار کەسی یەوە بەرەو ووڵاتی کوردی بابان کشا • میر سلەیمان کە ئەم خەبەرەی بیست بڕیاری دا دەستپێشکەری بکات و رێگای هێرشی لێ ببەستێ لەبەرئەوە هات سوپایەکی بچوکی پێنج هەزاری لە پاڵەوانانی بابان پێک هێناو بۆ شەڕ کردن چو بەپیر سوپای حاکمی لورستانەوە •

هێزی هەردوو لا لە ( شەمیران ) لەسەر زێی سیروان گیرسانەوە ، هێزی ئێران لەوبەری زێیەکە ، هێزی میر سلەیمانیش لەمبەری یەوە ، لەوە ئەچو بەو بەهارە وەختە ئاوی سیروان ببێتە ناوبژی کەریان ، ئەو ساتە بەهار بوو ، ئاوی سیروان لە هەڵسان و زیادیابو بەفریش پەیتا پەیتا ئەتوایەوەو ئاوی سیروانی هێندەی تر زیاد ئەکرد ، لەبەرئەوە هیچ

لایەکیان دەسەڵاتی ئەوەی نەبو لە ئاوەکە بپەڕێتەوەو پەلاماری دوژمن بدات •

میر سلەیمان لە هەل ئەگەڕا ، هەلیش لەمە باشتر هەڵ نەئەکەوت ، ئەیویست سوود لەو هەلە ببێ‌و پەلامارێکی کتوپڕی ئێران بداتو زەبرو زەنگێکی وەها بنوێنێ‌و بەجۆرێ چاو ترسێنیان بکات جارێکی تر ئێرانی‌یەکان زاتی ئەوە نەکەن سوپای بنێرنە سەر • بەڵام هەڵسانی زێی سیروان وزیادبوونی ئاوەکە رێگای هاتنە دی ئەم ئاواتەی لێ گرتبو ، لەبەرئەمە میر سلەیمان پلەی تورەیی لە ئاوە فێ لێ هاتوەکەی سیروان زورتر بوو •

میر سلەیمان ئەوە نەبو بە سەرۆک عەشرەتێک دابنرێت ، بەڵکو ئەوە ئەتوانین بڵێین کە ئەمیرێکی سەربەخۆ بوو، بەشێکی زۆری گەورەی کوردستانی خواروی لە ژێر دەستا بوو • هەرچەندە پایتەختی گواستبۆوە قەڵاچوالان واتە ئەیویست زیاتر سەربەخۆیی خۆی پیشان بدات بەوەی پایتەختی خۆی هەبێ ، بەڵام جۆرە پەیوەندی‌و دوستایەتی‌یەکی لەگەڵ خەلافەتی ئیسلامی‌یەتدا لە بەغدا هەبوو ، ئەمەش لەبەر لاوازی‌و بێ دەسەڵاتی یان لە ترسەوە نەبوو ، بەڵکو لەبەرئەوەبو هەستی ئاینێتی بە هێز بوو لەبەرئەوە ئەیویست لەگەڵ مەرکەزی ئیسلامی‌یەتدا پەیوەندی هەبێت • وەکو مێژوو ناسەکان ئەڵێن میر سلەیمان وەکو هەمو پیاوە ناسراوەکانی کۆن لە خواترس بووەو هەتا لە ئیدارەکردنی وولاتەکەشیا لەسەر رێ‌و شوێنی ئاینی‌و شەریعەتی ئیسلامی‌یەت روشتوە • میرسلەیمان وەکو باوو باپیرانی هەوڵی ئەدا سنوری وولاتەکەی فراوان بکات ئەمەش

بەلای ئەوەوە لەگەڵ ئاینی ئیسلامدا مناقض نەبوو • جا ئەبێ دان بەوەشدا بنێن کە میر سلەیمان بریاری‌دا بە سوپایەکی بەهـــێزەوە بچێت بەگـــژ ئیرانی‌یەکاندا ، هەستی مەذهەبی کە لەو زەمانەدا وەکو چۆن ئەمڕۆ هەر ماوە بە تین‌و گەرم بووە ، ئەم هەستە هانی داوە بەو جۆرە بەرەو سوپای ئێران بچێت‌و بە پەرۆشەوە حەز بکات بچێت بە گژیا • بە تایبــەتی کاتێ شا عەباس هاتە سەر تەختی حکم رەوانی لە ئێران‌و لەو هێرشــەیدا کــە بردی‌یە سەر کوردستان‌و بەغدا ، هێندە خوێنی رشت‌و کاری نالــەبــاری ئەوەندە کرد ، یادگاری ئەو خوێن رشتن‌و کردەوە بەدانەی لە هەست‌و مێشکی دانیشتوانی ئەم دوو ناوچەیە هێشتا تەڕ بوو ونەکوژابۆوە ، جــا وەکو چەند مێژوو ناسێک ئەڵێن هەستی تۆڵە سەندنەوە هاندەرێکی تــر بوو پاڵی بە میر سلەیمانەوە نا بەرەو پیری سوپای ئێران بچێت ، وحــەز بکات بە سوپایەکی پێنج هەزار کەسی‌یەوە دەستەو یەخەی ســوپایــەکی ئێرانی ٣٠ ـ ٤٠ هەزار کەس ببێت •

بەڵام وەکو ووتمان ئاوی سیروان لە هەستانا بوو ، و رێگەی بەیەکا چونی لێ گرتبون ، چونکە هەردوو لایان زاتی ئەوەیان نەئەکرد لــەو ئاوە شێتە فێ لێ هاتوە بە لەشکرو جبەخانەیانەوە بدەن • بەڵام کات هەر لە روشتندا بوو ، ئاوی سیروانیش هەر لە زیادی بوو ، میر ســـلەیمانیش نەی‌ئەویست ئەو هەلە لە دەست خۆی بدات ، لەبەر ئەوە ، بێ ئــەوەی گوێ بداتە مەترسی‌و ئەنجامی بریارەکەی ، بریاری‌دا بە لەشکرەوە لــە ئاوی سیروان بدات‌و بپەرێتەوەو لە ناکادا پەلاماری ئێرانی‌یــەکان بدات بە تایبەتی پەلاماردانێکی وەها کتوپڕ کــــە قەت بە خەیاڵی ئێرانی‌یەکاندا

نەئەهات رەنگە ببوایە هۆی سەرکەوتنی • جا وەکو بریاری‌دا ، خۆی لە پێش لەشکرەوە ، خویان فرێ دایە ئاوی سیروانەوەو توانیان لە سیروان بپەڕنەوە وبگەنە بن هەنگڵی ئێرانی‌یەکان • بێ‌گومان ئێرانی‌یەکان هەمو شتێکیان بە خەیاڵدا بهاتایە ئەوەیان بە خەیاڵدا نەئەهات کە ئازایەتی‌و بەجەرگی‌و چاو نەترسی سوپای کوردی بابان بگاتە رادەیەك لە سیروانی هەڵساو بدەن‌و بەو ژمارە کەمەی سوپاکەیانەوە پەلاماری سوپای گەورەی ئێران بدەن • لەبەرئەوە لە خەوی غەفڵەت‌و بێ‌باکیدا پاڵیان لێ دابووە کە لەپڕ سوپای کوردی بابان پەلاماری دان ، لەبەرئەمەش بە هیچ جۆرێك هیچیان پێ‌نەکرا ، تەنیا ئەوە نەبێ هەرکەس پێی ئەکرێت خۆی لە کوشتن‌و برین رزگار کات‌و بە هەر حالێك بێت دەرباز بێت •

لە ئەنجامی ئەم پەلاماردانە کتوپڕی‌یە پڕ لە ئازایەتی‌یە سوپای ئێران بەجۆرێك شکا ، وەها لەناو چو کە رۆژ بۆوە ، هەرچی لە مەیانی شەڕدا مابۆوە ، یان کوژراو یان بریندار بوو ئەوی تریش هەمویان رایان کردبو • سوپای بابان تالانی‌یەکی بێ شوماری دەست‌کەوت و بە تالانی زۆرو دڵی خۆش سەرکەوتووەوە بەرەو قەڵاچوالان گەڕانەوە •

حکومەتی سەفەوی ئێران ، بەم شکاندنە چاوی تەواو ترسا ، ئەوەی لە توانادا نەما جارێکی تر تەحەروش بە میر سلەیمان بکات‌و سوپای بنێرێتە سەر ، بێ‌گومان لە دڵا تەواو لە پەرەسەندنی حکومەتی بابانیش ئەترسا • لەبەرئەوە لایەنی شەڕو سوپا ناردنی بەرەڵلا کرد ، و کەوتە فیتی سیاسەت‌و ئاگری دووبەرەکی نانەوە لە نێوان حکومەتی بابان‌و دەوڵەتی عوسمانیا چونکە ئەیزانی بەوە نەبێت حکومەتی بابانی

پێ دابین ناکرێت • لەبەرئەمە هات شکاتی لای دەوڵەتی عوسمانی لێ کرد وە داوای لێ کرد جەزای حکومەتی بابان لەسەر ئەو سەرکەوتنەی بدات ، لە هەمان کاتیشدا دڵی دەوڵەتی عوسمانی لە حکومەتی بابان کرمێ کردو وای خستی‌یە مێشکی‌یەوە کە بە هێز بوونی حکومەتی بابان زیانی بۆ دەوڵەتی عوسمانیش هەیە •

کاربەدەستانی حکومەتی عوسمانیش ، جا لە پایتەخت بێ یان لە بەغدا ، لە پەرژوەندی خۆیان وگیرفان پڕکردنی خۆیان بەولاوە لە هیچ شتێکی تر نەئەگەیشتن وبگرە لەوە بەولاوە هیچ شتێکی تریشیان نەئەبینی• بەلای کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی‌یەوە سوودی میللەت‌و نیشتمان لە دوای سوودی خۆیانەوە ئەهات ، بگرە رەنگە قەت بیریان لە سوودی خۆیان بەولاوە لە هیچی تر نەکردبێتەوە ، جگە لەمەش لەو رۆژانەدا حکومەتی عوسمانی کەوتبووە تەنگ‌و چەڵەمەو ومەشاکلی ناوەوەو دەرەوە ، هیچی بەسەر هیچەوە نەمابوو ، لەبەرئەوە شتێکی ئاشکرا بوو کە شکات کردنەکەی دەوڵەتی ئێران لای کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی غافل جێی خۆی بگرێت • لەبەرئەمە شکاتی حکومەتی ئێران بەگوێانا چوو بریاریاندا سوپایەک بۆ تأدیب کردنی بنێرن •

ئەم سوپا گەورەیە بە سەرکردەی والی بەغدا حسن پاشاو والی دیاربەکر یوسف پاشاو لەگەڵ والی حەڵەب حسن پاشادا کۆکرایەوەو دژی میر سولەیمان نێررا • بێ‌گومان حکومەتی ئێران بەفیتی خۆی توانی وا لە حکومەتی عوسمانی بگەێنێ کە دووبەرەکی‌و ناحەزی نێوان هەردوو لایان هویەکەی میر سلەیمانی بابانە • ئەمیش لە سەری خۆیەوە زۆر

هەوڵی دا لە حکومەتی عوسمانی بگەێنێ کە شەڕو شۆڕی نێوان حکومەتی بابانو ئێران هۆی ئەوەیە کە ئێران لە بنەرەتدا دوژمنی دەوڵەتی عوسمانی‌یەو دوژمنی هەمو دۆستێکی دەوڵەتی عوسمانیشە ، هەروەها کە هەمو نوشوستیو زیانێک لە ئێران بکەوێ سوودی دەوڵەتی عوسمانی تێدایە ، بەڵام وا دەرئەکەوێت کە هەمو ئەم هەوڵو تەقەللایانەی بە فێڕۆ چو ، چونکە ئەوەبو دەوڵەتی عوسمانی قسەو فیتنەی ئێرانی بەگوێدا چو وەسوپای ناردە سەر حکومەتی بابان ، ئەوەش لە یاد نابێ بکرێت کە دەوڵەتی عوسمانی قەت حەزی بە هێز بوونو قایم بوونی هیچ جۆرە حکومەتێکی کوردی نەکردوە ، لەبەرئەوە ئەتوانین بڵێین کە شکات کردنی دەوڵەتی ئێرانی کردە پەردەو عوزرێک نیازی ناپاکی خۆی لە پەنایدا شاردبۆوە کە لەناوبردنو شکاندنی دەسەڵاتو شەوکەتی حکومەتی بابانی پێ گەیشتو بوو ٠

جا زۆر لە دەستنووسە کۆنەکان کە بە فارس نوسراونەتەوە وەکو ئەو نوسراوەی بە ( مجموعەی فریدون بەگ ) ناو ئەبرێت دان بەوەدا ئەنێن کە لە سەدەی دەهەمینی کۆچیدا واتە سەردەمی حوکمی میر سولەیمان لە وولاتی باباند[1] ، میر سولەیمان هەتا ئەو کاتە تا رادەیەکی تەواو لە حوکم کردنیا سەربەخۆ بووەو تابع بە هیچ دەوڵەتێک نەبوە ، وە کاتێک پایتەختی گواستەوە قەڵاچوالان بە رەزامەندی خۆی تەبەعیەتی دەوڵەتی عوسمانی رووکەشو سەرزاری قبوڵ کرد ، وکە

---

(١) ئەبێ سەرەتای سەدەی یانزەهەم بێت ونەک سەدەی دەهەم چونکە لە سالی ١٠٨٠ کۆچیدا میر سولەیمان پایتەختی گواستەوە قەڵاچوالان ٠ (ک)

هەوڵی‌دا ئەو ناوچانەی لە ژێر دەستی حوکومەتی ئێراندایە دەریان بهێنێ‌و بیانخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە ، نیاز لەمە تەنیا سوود گەیاندن بە خۆی نەبوو بەڵکو نیازی لەوەش فراوان کردنی سنوری دەوڵەتی عوسمانیش بوو ، چونکە وەکو ووتمان هەستی ئاینی لەم سەردەمەدا تەواو گەرم بوو ، بگرە هەستی مەذهەبیش لەبرەودا بوو ، میر سلەیمانیش هەستی ئاینی‌و مەذهەبی گەرم بوو لەبەرئەوە وای ئەزانی کە هەر زیانێک بە دەوڵەتی ئێرانی شیعی مەزەب بگەیێنێ سوودی بۆ دەوڵەتی عوسمانی سوونی مەزەبی تێدا هەیە • جا هەر لە بەرئەمەش کردەوەی دەوڵەتی عوسمانی بە ناردنی ئەو سوپایە بۆ سەر دەوڵەتێک سنوری بەرامبەر بە گەورەترین دوژمنی ئەپارێزێت کردەوەیەکی راست‌و تەواو نەبو • بەڵام لەگەڵ دەوڵەتێکدا کە پیاو چاکی لە کاربەدەستانیا بە دەگەن مابێت ئەڵی‌ی چی وگلەیی چی لێ ئەکرێت ، ولومەو تانەی بۆ لێ بکرێت •

وا دیارە دەوڵەتی عوسمانی کە ئەوسا سولتان محمدی چوارەم سولتانی بوو ، تەنیا ئەوەی لە دەست هاتبو بیکات‌و دووربینی‌یەکەی لەوەدا بەدی ئەکرد کە فەرمان بدات میر سولەیمان نەکوژن بەڵکو تەنیا فەرمانی گرتن‌و ناردنی بۆ استانبول دابونێ •

ئەم کەین‌و بەینە روی ئەدا لە کاتێکدا میر سولەیمان خەریکی دانانی پیلانی ئەوەبو پەلاماری ووڵاتی ئەردەڵان بدات ، بێ‌گومان بە ئاسانی ئەیتوانی ئەو ناوچەی کوردەواری‌یە فراوانە داگیر بکات‌و بیخاتە سەر ووڵاتی بابان ، بەوەش دەسەڵات‌و توانای هێندەی تر پەرەی ئەسەند• جا کە ئەو دەنگەی بیست حکومەتی عوسمانی کە خۆی بە دۆست‌و تابیعی

دا ئەنا ئوردویەکی گەورەی ناردۆتە سەری بێ ئەوەی هیچ گوناهێک لە خۆیدا شک بەرێت ، ئەوسا تێ گەیشت ولای روون بووە کە ئەوەی دەوڵەتی ئێران لە توانایا نییە بیکات بە دەوڵەتی عوسمانی ئەکات ، جگە لەمەش بیری لەوە کردەوە کە رێی تێ ئەچێت حکومەتی ئێران کە ئاگای لەم کەینو بەینە هەیەو بە فیتی خۆی کراوە ، ئەمە بە هەل بزانێتو لەولایەوە پەلاماری بدات ، وە بەمەش ئەکەوێتە نێوان دوو ئاگری بێوەیەوە ، لەبەرئەمە هات هوشیارانە سوپاکەی کرد بە دوو بەشەوە ، بەشێکی لە ژێر سەرکردەی تەیمورخانی برایدا ناردییە سەر سنووری ئێران تا بەرەنگاری هێرشێکی ناوەختی ئێران بکات ، بەشەکەی تریش لە ژێر سەرکردەی خۆیدا هێشتەوەو بەرەو ریزە شاخی تاسلوجەی هێنا ، هەتا لەوێ رێ لە سوپای عوسمانییەکان بگرێت •

کاتێک سوپای عوسمانییەکان گەیشتە دەشتی بازیان ئەم لەوێ بەوەدا گەیشتبو خۆی قایم بکات ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەی ئەویست بە خۆراییو بێ ئەوەی هۆی ئەم هێرشەی عوسمانییەکان بزانێت لەگەڵیانا بیکا بەشەڕ ، ئەیویست بە قسەو تێ گەیاندن وایان لێ بکات دەست لەیەخەی بەردەن ، چونکە دڵ نیابو لەوەی لە دوو لاوە شەڕی پێ ناکرێت، وئەگەر بیەوێ سنوری وولاتەکەی گەورە بکات ئەوە ئەبێ جارێ روو بکاتە ئەو بەشی وولاتی کوردەوارییەی کەوتبوە ژێر دەستی ئێرانەوە • لەبەرئەوە نەی ئەویست بەهیچ جۆرێ لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیا تێکی بدات ، پیویستی بە کاتو وەخت بوو ، ئامانجی ئەوەبو دەوڵەتی عوسمانی دوور بخاتەوە لە سنوری وولاتەکەی هەتا لە ئێران ئەبێتەوە ، بەڵام وا دیاربوو ، حکومەتی عوسمانی لەیەخەی نەئەبووەو نەیئەویست

میر سولەیمان سوود لە کات ببینێ ، بۆیە کاتێک میر سولەیمان داوای کرد هۆی ئەو هەڵویستە ناراستەو ئەم هاتنە سەرەی تێ بگەیێنن ، تـەنیا وەڵام وەری گرتەوە ئەوەبو کە ئەگەر ئەتـــەوێ سەلامەت بیت خــۆت بـدە بەدەستەوە ، بە سەلامەتی دەت نیرینە ئەستەمبول ، خۆ ئەگەر سەریشت لە نەوتاندنو تیا چوون ئەخورێت ئەوە خۆت مەدە بە دەســـــتەوە •

میر سلەیمان هەرچەند سەری هێناو سەری برد هەر ئەوەی بە باش زانی خۆی بدات بە دەستەوە ، بەڵام لەوە نەگەیشت کە ئەگەر مەسەلە تەنیا خۆ بەدەستدانەوەو چوونە ئەستەمبوڵ بێت ئەی لە پای چی ئەو ئۆردوە گەورەیەیان ناردۆتە سەری ؟ خۆ بەدەستەوە دان بۆ پیاو خراپو گونـاه بارە ، بەڵام ئەم هیچی وای لە خۆیا شک نەئەبرد • هەر ئەوەی بۆ مایەوە ئەم کردەوەیە بە فیتی ئێران دابنێ ، بەڵام هەتا لەمەشدا باش بۆی روون نەبوەوە ، چونکە ئەوەی لای ئاشــــکرا بوو ، ئەوەبو کە ئێران دەژمنی دەوڵەتی عوسمانی‌یە ، وهەمیشە حەز بە زیانو نوشوستی ئەکاتو لە هەل ئەگەڕا چی خراپە هەیە وزیان بەخشە بیگەیێنێ بە دەوڵەتی عوســمانی • تەنیا شتێکی کردبێ ئەوەیە کە هەوڵی داوە سنوری ووڵاتەکـەی فراوان بکاتو دەسەڵاتی قایم بکات ئەمەش حەقی خۆیەتی ! جـا ئـەبینین ئــەم کردەوەیەی دەوڵەتی عوسمانی میرسولەیمانی تەواو خستە دوودڵی‌یەوە • جگە لەمە ئوسلوبی عوسمانی‌یەکانی بە دڵ نەبو ، لای جوان نەبو بــەو جۆرە بنێرنە سەری ، وەکو جەردەو پیاو خراپ بێت وەها جەندرمـــــە بنێرنە سەری بۆ گرتنی • لای نەنگ بو گەورەو سەرۆکی بـابـان بـەم جۆرو شیوەیە معامەلە بکرێت ، ئەمە وای لێ کرد خۆ بەدەستەوە دان لە

بیرو مێشکی خۆی فڕێ بدات ، واتە بڕیاری‌دا کە بکەوێتە شـــەڕو خۆ پاراستن ، ئەگەر هەر ئەشیگرن ئەوە با لە مەیانی شەڕدا بێت !

بەم جۆرە شەڕ دەستی پێ کرد ، سوپای عوسمانی‌یەکان هەرچەندە زۆر زۆرتر بو لە سوپای بابان ، وهەرچەندە بابانـــەکان شەڕکردنیـان تەنیا بەنیازی خۆ پاراستنەوە بو لە هەمان کاتیشدا بە دڵو بە گیان شەڕیان نە ئەکرد چونکـە لایان نەنگ بو بـــەخۆڕایی خوێنی یەکتری برێژن ، کەچی سەرەڕای ئەمەش دەرەقەتی سوپای بابان نەهـــاتن ، چەنـد رۆژ شەڕ بەردەوام بوو ، ئـەنجـام هیچ نەبو ، سەرەک سوپای عوســمانی نامەیەکی بۆ میر سولەیمان نارد تێدا داوا کردبو کە بە خۆڕاپی خوێنی موسڵمانان نەرێژرێو ئەم سەرپێچی‌یـــەی لە عاست دەوڵەتی عوسـمانیا ئەبێتە هۆی بەدبـەختی میر سولەیمـــان خۆی‌و تیاچونی • هەروەها تیـا نوسرابو کە حکومەتی عوسـمانی نیـــازی خراپی بەرامبەری نی‌یـە ، و باشترە واز لەو شەڕو هەراو سەرپێچی‌یە بهێنێ وهەتا سەعاتێک خێراتر بەرەو ئەستامبوڵ بڕوات بۆ خۆی باشترە •

میرسولەیمان بەمە هێندی‌تر کەوتە دوودڵی‌یەوە ، بەتایبەتی پیاوێکی ئاینی بوو لەبەرئەوە بەراستی نەئەزانی بچێت بەگژ خەلافەتی ئیسلامدا ، جگە لەمەش لەوە دڵنیا بو کە دەرەقەتی دەوڵـەتی عوســمانی نایـەت‌و ئەنجامی ئەو شەڕو هەرایە هەر ئەوە ئەبێت بە ســەریا زاڵ بن‌و بە زۆر سەری پێ دا ئەنەوێنن بەوەش کەرامەتی خۆی‌و میللەتەکەی ئەشکێ • لەبەرئەمە وای بە راست زانی خۆی بدا بەدەســـتەوە • بە نامەیەکیش ئەمەی لە سەرەک سوپای عوسمانی گەیاند بە مەرجێ ژیان‌و کەڕامەتی

بپارێزن ، کە ئەو بەڵێنەی لە حکومەتی عوسمانی وەرگرت تەیموربەگی برای لە جێی خۆی داناو لە ساڵی **١٠٩٨** کۆچیدا خۆی دا بە دەست ئوردوی عوسمانی‌یەوە ، کە خێرا بێ دواخستن بەرەو ئەستامبوڵ ناردیان[١] • جا لە چەند نوسراوێکی مێژوویی کۆندا دەربارەی چونی میرسولەیمان بۆ لای سولتانی عوسمانی رووداوێکی سەیر ئەگێڕنەوە • رووداوەکەش ئەمەیە « کە گوایە سولتانی عوسمانی داوا ئەکات کە میرسولەیمان بە جلوبەرگی نیشتمانی خۆیەوە بچێتە لای ، لەو سەردەمەدا هێشتا چەکی ئاگردار پەیدا نەبوبو[٢] ، واتە چەک شیرو تیرو ڕم بو ، بۆ خۆ پاراستن شەڕکەرەکان خۆیان زرێ پۆش ئەکرد ، جا میرسولەیمان بە جلوبەرگی کوردیو لەش‌ولاری زرێ پۆشەوە ئەچێتە لای سولتان ، وەکو ئەشگێڕنەوە ، میرسولەیمان پیاوێکی باڵا بەرزي پتەوی بەقیافەت بووە • جا کە ئەچێتە لای سوڵتان بەو قیافەتەو بە روخسارێکی پڕ لە ئازایی‌و قارەمانی‌یەتی‌یەوە سەری سولتان سوور ئەمێنێ‌و لە تاوا بە زبانی خۆی هاوار ئەکا ( وای‌بابام ) •

جا چەند سەرچاوەیەکی مێژوویی وای دەرئەخەن کە لەمەوە ناوو شۆرەتی بابان داکەوتوەو لەوەوە پشتاو پشت ئەم شۆرەتە بۆ بابانەکان ماوەتەوە • جگە لەمە سەرچاوەی تر هەیە کە سەرچاوەو بنەڕەتی ئەم شۆرەتە بە جورێکی تر ئەگێڕنەوە کە بێ‌گومان ئەم سەرچاوانە باشتر

---

(١) ئەمین‌زەکی‌بەگ لە مێژووی سلەیمانیدا نوسیویێتی کە ساڵی ١١١١ کۆچی خوی‌دا بەدەستەوە (ك) •

(٢) نیاز لە چەکی ئاگرین تفەنگ‌و دەمانچەیە چونکە ئەوسا تۆپ هەبوە • (ك)

بۆی چوونو رونی ئەکەنەوە • جا یەکێك لەو سەرچاوانە کە مێژووی راشدی پێ ئەڵێنو بە فارس نوسـراوەتەوە بـەم جۆرەی خوارەوە باس پەیدا بوونی شۆرەتی بابان ئەکات ئەڵێت :

ئەوەی والی حکومەتی عوسمانی بوایە لـە شـارەزور ئەچو لە شاری کەرکوك لە قەڵاکەی دائەنیشت ، بەڵام ئەفسەرەکان ئەوانەی هاتـــو چۆی شارەزوریان ئەکرد ئـەوە لەدەرەوەی کرکوك ئـەژیان ، جا بابا سلیمان ناوێك توانیوێتی ئـەو ناوچەی شـــارەزورە داگیر بکاتو بیخاتە ژێر دەستی خۆیەوەو لە عەشایرو خێڵە کوردەکانی ئەو ناوە سـوپایەکی گەورەی کۆ کردۆتەوەو خەڵکیش دەوریان لێ داوە ، ئەمەی بە هـەل زانیوە لـــە ڕوی والیـــدا یاخی بووەو مل کـەچێتی نـــەکـــردوە • هەروەها لە هەمان کاتدا دەست درێژیشی ئەکردە سەر سنوری ئێران • وسەری بۆ فەرمانی هیچ پادشاو والی‌یەك نە ئەنەواند ، لەبەرئەمە کـــە حکومەتی عوسمانی ئەمەی لێدی سوپایەکی گەورەی لە والی بغدادو والی دیاربەکرو حەڵەب پێك هێناو ناردی‌یە سەری • بەبەسولەیمان هەرچەندە بە هێزو دەسەڵات بو وە سوپایەکی باش هەبو ، بەڵام وا دیارە ترسـاوە لەوەی لەگەڵ ئەو سوپا زورەی دەوڵەتی عوسمانی بکەوێتە شەڕەوە جـــا لەبەرئەمە بریاری داوە بە بێ شەڕکردن خۆی رزگـــار بکات • بۆیـــە رای‌کردو خۆی گەیاندە (عەمادی)یـەو لەوێشـــەوە چوە (حەکاری)و لەویشەوە بۆ ( وان ) لەویشەوە چوە ئەستەمبوڵ • لەگەڵیا تاقمێك لـــە پیاو ماقوڵانی خۆی لەگەڵدا بو ، حکومـــەتی عوسـمانی دەستو برد بۆ چاوترساندن ( حەقدە ) کەسي لەمانە هەڵواسي •

چەند سەرچاوەیەکی مێژوویی بەم جۆرە لە سەرەتای پەیدابوونی بەبەسولەیمان ئەدوێ • سەرچاوەکانی تر وەکو مێژووی جەودەت بە جۆرێکی تر باس ئەکاو ئەڵێ : کە گوایە میر سولەیمان کاتێک بە دەست‌بەسەری لەگەڵ ئۆردوی تورکا گەیشتە ئەستامبوڵ دوورخرایەوەو بە فەرمانی شاهانی نێرایە ( ئەدرنە ) ، وولاتەکەی خۆش دابەش کرا ، هێندێکی درا بە بەکر بەگی برای‌و ئەوی تریشی درا بە عەشرەتی زەنگنەو چەند عەشرەتێکی تر • میر سولەیمانیش لە ئەدرنە مایەوە هەتا لە سالی ١١١٠ کۆچیدا کۆچی دوایی کردو هەر لەویش نێژرا [١] •

● ●

## « حکومەتی تەیمور خان بەگ »

لە باش ئەوەی میر سولەیمان بەدەست بەسەری نێرایە ئەستەمبوڵ، تەیمور خانی برای لە جێی ئەو لەسەر تەختی حوکم ڕەوانی بابان دانیشت • تەیمور خان بۆ ئەوەی کاکی توش چەرمەسەری نەکات‌و لە ترسی ئەوەی هەمو جولانەوەیەکی ئەم نەبێتە هۆی ئەوەی عوسمانی‌یەکان تۆڵە لە کاکی بسێننەوە ناچار بوو بە هیمنی دانیشیت • جا ئەم تەیمورخانە هەرچەندە پیاوێکی ئازاو نەترس بو بەڵام لە هەمان‌کاتدا دووربینیش بو ، لەبەرئەوە هیچی وای لێوە نەوەشایەوە دەوڵەتی عوسمانی پێ عاجز بکات،

---

(١) ئەبێ دوای سالی (١١١٠) کۆچی بێت ، چونکە وەکو لە مێژووی سلەیمانیدا هاتوە میر سولەیمان لە سالی (١١١١) کۆچیدا خۆی دا بەدەست سوپای عوسمانی‌یەوە سالی خۆدان بەدەستەوە سالی ١٠٩٨ بوو ، بەلام مردنی‌ئەوەسالی ١١١١ بوو • ( ک )

بێ دەنگی لای لە هەمو شت باشتر بوو ئەمەش زیانی لە ئیـــدارەکردنی وولاتەکەی بێ گومان نەدا • بە کردەوەی باش‌و ئیـــدارەکردنی ریک‌و پێکی وولات وای کردبو کە نەک هەر لەلای میللەتەکەی خۆشەویســت بێت بەڵکو دراوسی‌یەکانیش بە چاوی رێزەوە سەیری بکەن • تەیمورخان پاش ئەوەی ١٧ ساڵ کاروباری وولاتی زۆر بە باش برد بەریوە لە ساڵی ١١١٥ دا کۆچی دوایی کردو ٣ منداڵی پاش خۆی بەجێ هێشت کـــە خانەبەگ‌و فرهادبەگ‌و خالد بەگن •

◉ ◉

## « حکومەتی بەکر بەگ »

لە پاش مردنی تەیمورخان بەگ ، بەکر بەگی کوڕی میر سولەیمان لەسەر تەختی حوکم رەوانی بابان دانیشت • بەکر بەگ پیاوێکی ســوور رەنگ بوو ، لەبەرئەوە لە مێژوودا بە ( بەکر بەگی ســـــــوور ) ناوی دەرکردوە • ئەم شازادەیەی بابان خاوەنی خوو رەوشتێکی جوان‌و بەرز بوو • لە مەیانی سیاسەتی دەرەوەدا لەسەر سیاسەتی مامی رۆیشت ، هیچ شتێکی وەهای نەکرد دڵی دراوسێ‌یەکانی عاجز بکات بەتایبەتی لـــەگەڵ ئێراندا بە هیچ جۆرێ تەجاوزی سنووری نەکرد • شۆرەتی بەکر بەگ بەزۆری لە سیاسەتی ناوەوەی وولاتەکەدا بوو ، چونکە زۆر حەزی بـــە ئاوەدانی‌و پێشخستنی زەراعەت کردوە ، نەک هەر ئەمـــە بەڵکو خۆش وەکو هەمو جوتیارێک حەزی کردوە لە زەویـــدا ئیش بکات ، وەکـــو ئەگێڕنەوە ئەگەر لە سبەینی‌یەوە تا ئێوارە لە فەلاحەتدا ئیشی بکردایـــە تاقەتی نەئەچو وە ماندو نەئەبو •

جا لەبەرئەمە شتێکی دوور نەبو لە زەمانی ئەمدا زەراعەت پێش بکەوێتو ببوژێتەوە هەر لە زەمانی ئەمدا ، پرۆژەی ئاو هەڵبەستنو شتی تر کرا کە هەتا ئەمرۆ لەم پرۆژانە هێندێکی ماوە • یەکێک لەوانە جۆگەی بەکرەجۆیە کە هەتا ئەمرۆ ماوەو هەر بەناوی خۆشییەوە ناو نراوە • ئەم جۆگەیە لە لای شاری سلیمانییەوەیەو وارداتێکی زۆری هەمو ساڵ هەیەو حکومەتیش هەمو ساڵ لە باج سەندنا پارەیەکی مۆڵی لە بەرهەمی ئەم جۆگەیە وەرگرتوە • دووهەم ئاساری بەکر بەگ کە بەجێی هێشتوە پاش خۆی لە شارەزورە لە قەزای هەڵەبجە وە لە دێی ( بەکراوا ) لە نزیک ئەم دێیەوە قەڵایەکی روخاو هەیە • جا وا دیارە ئەو قەڵایە بەکر بەگ یان خۆی بە فەرمانی ئەو دروست کراوە یان کۆنە قەڵایەک بووە ئەم ئاوەدانی کردۆتەوە(١) • لە زەمانی بەکر بەگدا هیچ جۆرە ئاشوبەیەک رووی نەدا ، تەنیا ئەوە نەبێت عەشرەتی زەنگەنە سەریان بەرزکردەوەو ویستیان یاخی ببن بەڵام بە پیچەوانەوە بەکر بەگ توانی لێان بداتو رایان وەستێنێ بەمە دەری خست کە لە مەیدانی شەریشدا بەکارە • ئەم شەڕو هەرای زەنگەنەیە زیانی بە زەراعەت نەگەیاند ئەوەش شتێکی زۆر گرنگ بوو لای بەکر بەگ •

بەکر بەگ دوانزە ساڵ حوکمی کرد • ماوەکەی یەکێکە لە ماوە هەرە خۆشەکانی مێژووی بابان • لە ساڵی ١١٢٧ کۆچیدا کۆچی دوایی کرد • لە پاش خۆی دوو کوری منالی بەجێ هێشت کە سەلیم بەگو شێرە بەگە • لەپاش مردنی بەکر بەگ کەسی وا نەبو جێگای بگرێتەوە ،

---

(١) وەکو لەم دواییەدا دەرکەوت ئەمە کۆنترین ئاساری ئادەمیزادە لەم ناوچەیەدا • ( ک )

چونکه هەرچی لەو خیزانە بو هێشتا منالّ بوون ، لەبەرئەوە بۆ یەکــەم جار لە لایەن حکومەتەوە حاکمێکی بێگانە هاتە سەر خاکی بابان • بەمەش دۆخی وولاّتی بابان تەواو تێک چو •

● ●

## « زەمانی ئیدارەی وەسی یان ( موتەسەلیم ) »

کە بەکر بەگ کۆچی دوایی کرد دوو کوڕی لـەپـاش خـۆی بەجێهێشت • لە کوڕەکانی تەیمورخان بەگیش سیانیـان مابوون • دوو کوڕەکەی بەکر بەگ سەلیم بەگو شێرە بەگ بوون ، بەلاّم کوڕەکانی تەیمور خان بەگ خانە بەگو فەرهاد بەگو خالد بەگ بوون • ئەمانە هەمویان منالّ بوون ، خانە بەگ کە گەورەی هەمویان بوو تەمەنی تەنیـا سیانزە سالاّن بو ، لەبەرئەوە نەدەکرا کاروباری ئیدارەیان پێ بسپێریت ، هەر لەبەرئەمەش حکومەتی عوسمانی لەلایەن خۆیەوە حاکمێکی نارد کە ئیدارەی وولاّتی بابان موقتاً بکات • هاتنی ئەم حاکمە زیانێکی گەورەی لە دۆخی وولاّتی بابان دا نەک لەبەرئەوەی ئەوە یەکەم جار بوو یەکێک لە خانەدانی بابان نەیەتە سەر تەختی حکم رەوانی بابان ، بەلّکو لەبەرئەوەش ئەو کابرایە پیاوێکی بێئیدارەو بێدەسەلاّت بوو ، جگە لـــەوەش لـــە کاروباری وولاّت بێخەبەرو نا شارەزا بوو •

جاران کە خانەدانەکانی بابان حکم رەوانیان ئەکــرد لە ناوەوەی وولاّت هەرچی هەبو لە خەلّکیو عەشایر بە زۆر بێ یان بە خوایشـــت سەریان بۆ ئەنەواندن ، هەروەها دراوسی‌یەکانی بـابـانیش بەرێزەوە وە

زۆر جار بە ترسەوە سەیری بابانەکانیان ئەکردو سڵیان لەوە ئـەکردەو دەستدرێژی بکەنە سەر سنوری یان کاروباری ناوخۆی • بەڵام هــەر کە ئەم حاکمە بێگانە نوی‌یە بێدەسەڵاتو نەشارەزایە هات ئەو هەیبەتەی جارانی بابان لە دڵی خەڵکیدا نەما ، لەبەرئەوە شیرازەی ئیدارەو ئیتاعەت تێك چو ، هەرکەسە لەلایەکەوە سەری دەرهێناو بو بـە کڵاو فڕکێنی ، هەرچی کەمێك دەسەڵاتو ئازایی لە خۆیدا شك بردایە هەڵەسایە سەر پێو لافی گەورەیەتی‌و سەربەخۆیی لێ ئەدا •

ئەوەی لە پێش هەموانەوە هەستاو کەوتە دەســـــت درێژی خێڵی زەنگەنە بو ، کە سەرۆکەکەیان ئەحمەد خان بوو • ئەمانە هەمیشە لـــە هەل ئەگەڕانو شەڕی کۆنەقینیان ئەکرد • ئەوەبو لە زەمانی بەکربەگیشدا ویستیان سەرکێشی بکەن بەڵام بەکر بەگ زوو لێی دان ، جا ئەم تێك چوونی وولاتی بابانەیان بە هەل زانی‌و کەوتنە پەل هاویشتن لـە پێشەوە ناوچەی قەراغو سەنگاویان داگیر کرد ئەم دوو ناوچەیەی وەختی خۆی بابانەکان لێیان داگیر کردبون بەمەش وا دیارە قایل نەبوونو پـەلیــان هاویشتە سەر بازیانو شارەزور بەشێکی بازیانیان داگیرکرد بەمەشـــەوە نەگیرسانەوە بەڵکو هەر لە پەل هاویشتنا بوون هەتا گەیشتنە سـەر زێی تانجەرۆ ئەویشیان داگیر کرد • حاکمیش ئەمانەی هەمو ئەدی‌و لە جێگای خۆی نەئەبزواو بە خەیاڵیا نەئەهات وەکو کەس نەهاتبێ‌و دەستدرێژی نەکردبێتە سەر سنوری ئەو وولاتەی ئەو بوەتە حاکمی • بەوەی باش بو لەم کاتانەدا خانە بەگ گەورە بوبو وە تەمەنی گەیشتبوە شانزە ســاڵانو هۆش بەبەردا هاتبو وە کەوتبوە ئەوەی لە دنیاو لە دەوروپشتی خــۆی

بگات • هەر لە منالی‌یەوە کە بەکر بەگی مامی مرد ئەم هەستی بەوە ئەکرد کە مەسئولیەتێکی گەورەی کەوتۆتە سەرشان • هەر لە سەرەتاوە کەهێشتا منال بوو وە ئەحمەدخانی زەنگەنە کەوتە دەست‌درێژکردن بۆ سەر سنوری وولاتی باوو باپیرانی دلی تەنگ ئەبوو خوینی ئەوروژا لە دەمارەکانیاو هەولی ئەدا خەلکی گوێی لێ بگرن‌و لە دەوری کۆبنەوە ، بەلام لەبەرئەوەی هێشتا منال بوو خەلکی نەیان ئەتوانی بڕوای پێ بکەن‌و لێی کۆبنەوە نەوەکا سەری خۆش‌و ئەوان بە فەتارەت بدات • ئەمەش ئەوەندەی تر خانە بەگی پەست ئەکرد ، بەلام کاتێک ئەحمەد خانی زەنگەنە هات‌و تانجەرۆشی داگیر کرد ئەم گەیشتبوە تەمەنی شانزە سالانی واتە کاتی ئەوە هاتبو روو بە رووی ئەحمەد خان راوەستێ‌و دەرسێکی پر ستەمی بداتێ ، بەلام ئەمەی بە تەنیا پێ نەدەکرا پیویستی بەوە بوو هێزێک کۆ بکاتەوە بەلام بە گەورە پیاوانی وولاتەکەدا رانەئەپەرمو هەلسن بە گوێی بکەن‌و دەستی یارمەتی بۆ درێژ بکەن • کاتێکی پڕ لە مەترسی بوو بۆ خانە بەگ چونکە کات بەسەرا ئەڕوێشت‌و ئەحمەد خانی زەنگەنەش دابین نەئەبو وە تێری نە ئەخوارد • خانە بەگ لەوە دلنیا بوو کە ئەحمەد خان ئەمجارە پەلاماری قەلاچوالان پایتەختی بنەمالەی بابان ئەدات‌و بەوە وجودو بوونی ئەم بنەمالە کوردە سەردارە ئەکەویتە مەترسی نەمان‌و لەناو چونەوە • لەبەرئەوە هەرئەوەی پێ‌کرا گەورە پیاوانی وولاتی کۆ کردەوەو کەوتە قسە کردن بۆیان • ئەیویست تاسیریان تێ بکات‌و خوینیان بزوێنێ ئازایەتی‌و مەردایەتی نوستویان زندو بکاتەوە ، مێژووی بنەمالەی بابانی بە درێژی بۆ گێرانەوە • باس ئەو

هەمو خوێن‌و ئێسک‌و پێسکانەو ئەو هەمو هەوڵ‌و تەقەللایانـــەی بـاوو باپیریانی بۆ گێرانەوە کە رشتویانە یان ناشتویانە یان کردویانە بۆ ئـەوەی ئەو بنەماڵە سەرداره دامەزرێنن ، ئەو هەمو ئەرک‌و هـەوڵ‌و تەقـــەللاو خوێنەی خەرێکە بە فیرۆ ئەڕوات لە ئەنجامی دەست درێژی ئەحمەدخان‌و کەم تەرخەمی‌و سستی ئەمان خۆیانەوە • دوایی هاتە سەر ئەوەی بـــە گەرمی پێی ووتن کە جاران ئەحمەد خان سەری بۆ دائەنەواندن چونکە بنەماڵەی بابانی بە مەڵبەندی پیاوان‌و بەچکە شێران دا ئەنـــا بەڵام ئەمرۆ کەوتوتە هێرش بردن چونکە دڵنیایە لەوەی پیاو لەو مەڵبەندەدا نەمـاوە• ئێمەش ئەمە بە ڕەوا نابینین ئەبێ دەری‌خەین بنەماڵەی بابان هێشـــــتا مەڵبەندی شێرانە ئەگینا بە تانجەرۆوە ناوەســـــتێ بەڵکو دێتـــە ســـەر قەڵاچوالانیش هەمومان لەناو دەبات •

دوایی لە سەری رۆیشت‌و داوای لە هەموان کرد کە هەوڵیان بکەن بە یەک بۆ بەربەست کردنی تەماعی ئەحمەد خانی زەنگەنە •

لە ناو دانیشتوانا تەنیا خدر ئاغا ناوێک‌و هاوری‌یەکی داوای ئـەوە ئەکەن کە هەرچۆنێک بێت لەگەڵ ئەحمەد خانی زەنگەنە رێک بکەون‌و بێ شەرو شورو دەست دانە یەخەی یەکتری ســـولح بکەن ، بـــەڵام دانیشتوان‌و پیاو ماقولانی بابان هەمویان دژی ئەوەبون سولحی لـەگـەڵ بکەن چونکە لەو بڕوایەدا بوون کە سولح کردن وە بێدەســـــەڵاتی پیشاندان هێندەی تر ئەحمەد خان هار ئەکات وای لێ ئەکات ســـواری کۆڵیان بێت‌و هیچیان بۆ نەهێڵێتەوە ، ئەوەشیان دەرخست کە ئـەمـــان هەتا ئێستا کە چاویان لە کردەوەو دەست دریژی‌یەکانی ئەحمەد خـــان

پۆشیوە لەبەرئەوە بوە چاوەڕوانی حاکم بوون شتێک بکات بەڵام مـا دام حاکم چاوپۆش ئەکاتو کەمتەرخەمی پیشان ئەدات ئەوە ئەمان ئـامـادەن دەرسێکی باش بە ئەحمەد خان بدەن • بێ‌گومان خانە بەگ ئەم قسانـەو ئەم هەڵوێستەی زۆر لاخۆش بوو هــەر ئەو ساتەش خــدر ئاغــاو هاوری‌یەکەی لە مەجلیس دەرکردە دەرێو بریاری‌دا جەزایەکی باشیان بدات ، هەر لەپاش ئەمەش ووتەیەکی کورتی بو دانیشتوان ووت تێـدا لەوە دوا کە میللەتێ فێری سەربەستی‌و سەرفرازی خۆی بوبێت هەمیشە سەر شۆر ناکات بۆ دەست درێژی‌و زورداری هیچ کەسێ ، وئامـادەیی خۆی پیشان‌دا کە لە پێناوی سەربەستی ووڵاتی بابانو نەتەوەکەیدا خوێنی خۆی برێژی • خوین رشتن ومردنیش لە پێناوی ووڵاتو نیشـــتماندا کامەرانی‌یەکی راستەقینەیە • هەر ئەو ساتە کە ووتەکەی تەواو کـــرد سەری بڕاوی خدر ئاغاو هاوری‌یەکەیان هێناو لە بەردەمیانا فری دران •

خانەبەگ کە ئەمەی دی بە هەستێکی سەرکەوتووەوە لە هەموانی روانی ، وە پێی ووتن « ئەوی راستی بێت کە یەکەم جار کۆبوینـــەوە بڕوام نە ئەکرد بەم شێوە جوانە و پڕ لە ئازایەتی‌یە پشتم بگرن ، وەهـا پیاوانە هەستی نیشتمان پەروەرێتی دەربیرن ، بریارم دابو کـە ئەگــەر پشتم نەگرن خۆم بە تاقی تەنیا روو بەرووی ئـەحمەدخان بوەستم ، بـۆ ئەوەی ئەگەر توانیم مەردانە حەقی خۆم بسێنم وا باشە خۆ ئەگەر نەشـم توانی ئەوا با بە روسوری بچمە ناو باوو باپیرانمەوە • ئیستەش ســـەری خدر ئاغای بڕاو ببێت بە میسال بۆ هەمو کەس کە بیەوی سەرکێشێتی لە عاستما بکات هەرچی پشتم نەگرێت ئەنجـــامی حذرئاغا ئەبێت چونکـــە بشت گرتنی من پشت گرتنی ووڵاتو میللەتەکەمانە •

ئیتر لەم ساتەوە ئومێدم پەیدا کرد ، ئومێدی ئەوەی ســـەربکەوین چونکە سەرکەوتن بەستراوە بە هـــەوڵو کۆششەوە ، ئێمە کـــە هەتا ئەمڕۆ وەها بە زلەتـــەوە ئەژیان هەموی خـــەتاو سوچی ئەم حاکمـــە بێگانەیەیە • ئەگینا ئیمەی روڵەکانی بابان تەنگمان بە حکومەتێکی گەورەی وەکو ئێران هەلچنیبێ لە میژوومانا ، وەها دەستە پاچە بەرامبەر بە یەکێکی وەکو ئەحمەد خان ئەوەستین •

لە پاش ئەم ووتە کاملە بە نرخەی رێگای شەڕو هێرش بردنی بۆ دانان ، وای دانا کە ئەم خوێ خێرا بێ وەستاندن بەرەو ژاژەڵە دەڕوا بۆ ئەوەی کتوپڕ بدا بەسەریا لەوێش چاوەڕوانی ئەمان ئەکات کە بۆ یارمەتی بێن بە دەنگی‌یەوە •

دانیشتوانی ئەو مەجلیسە کە پیاو ماقوڵانی بابان بوون ، کە ئـــەم دووربینی‌و ئازایەتی‌و خوین‌گەرمی‌و نیشتمان پەروەریتی‌یەیان لە خانەبەگ دی ئەوەندەی تر رەگی پیاوەتی‌و ئازایەتی‌یان جولاً بۆیە هەر یەکە خێرا کەوتە خۆی بۆ ئەوەی خۆی کۆ بکاتەوە •

خانەبەگیش بە خۆی‌و ئەو هێزە بچوکەی هەیبو خێرا بەرەو ژاژەلە روێشت‌و پەلاماری زەنگەنەکانی‌دا ، تەواو پەریشـــانی کردن‌و زیانێکی زۆری لی‌دان‌و ئەو ناوچەیەی پێ چۆڵ کردن ، لەشکری ئاغاواتی بابانیش پەیتا پەیتا یەک لە دوای یەک ئەگەیشتن بە سوپاکەی خانەبەگ •

ئەحمەدخانی زەنگەنە کە ئەمەی زانی چی لە دەستا بوو کردی ، چ هێزێکی هەبۆ هێنایە مەیانی شەڕەوە ، یەک دوو جار بە یەکدا هاتن لـــە ئەنجامدا ئەحمەدخـــان خراپ شـــکاو سوپای بابان رژایـــە هەتـــا وولاتی

زەنگەنەشەوە ، دوایی لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن کە وەکو جاران زەنگەنە ژێردەستەو تابیعی بابان بێت • ئەم سەرکەوتنــە بێهاوتایە هێندەی تر خانەبەگی تیژ کردو هانیدا بۆ ئەوەی شەوکەتی جارانی بابان بگەڕێنێتەوە دۆخی جارانی ، لەبەرئەوە هاتە ســەر کارو کەوتە ڕێک خستنی کاروباری وولات هەتا وای لێهات حکومەتی بابان لەوە ئەچو گیانێکی تازەی پیادا کرابێتەوە •

خانەبەگ پاش ئەمە کەوتە سەوای داگیرکردنی وولاتی کوردی موکریان کــە لــە ژێردەستی وولاتی ئێراندا بوو ، داگیرکردنی ئــەم وولاتی کوردە خەوێک بوو بگرە ئاواتێک بوو لــە دەرونو سنگی زۆر لە خانــەدانــەکانی بابانــدا جۆشی خواردبو بــەلام نەهاتبــوە دی وەکــو میرسولەیمانو بەکربەگ ، ئەم ئاواتــە مابۆوە بۆ خانەبــەگ ، ئەمیش بەدڵ حەزی ئەکرد ئەو ئاواتە بهێنێتە دی • ئەڵێن بەکربەگ پێش ئەوەی بمرێت ووتویەتی کە هەرکەسێ لە بنەماڵەی بابان هاتە سەر حوکمو توانی ئەو ئاواتە بهێنێتە دی ئەوە لەو دنیاش بێ گیانی ئەمی پێ خۆش ئەکات • جا لەبەرئەمەش بوو خانە بەگ وەهــا بۆ هێنــانە دی ئەم ئاواتە وا بە پەرۆش بو ، هەرچەندە چەند هۆیەکی تریش هەبو :

ئەو هۆیەش ئەوەبو کە خانەبەگ ئەیویست دەسەلاتی وولاتیبابانو سنوری ئەو وولاتە لەسەر حسابیئێران فراوان بکات • نابێ ئەو هۆیەش لە یاد بکرێت کە هەستی مەزهەب پەرستێتی وەکو جاران تیژ بوو وە ئەو دوو بەرەکیی مەزهەبییە بە میرات بۆ خانەبەگیش مابۆوە •

لەبەرئەمانە ئەبینین خانــەبەگ بە گــەرمی پەلامــاری وولاتی

ئەردەڵانیدا ، سنـەیر ئەوەیـە حاکمی ئەردەڵان بـە چاك بە خراپ نەیویست رووبەرووی خانەبەگ بوەستێ بەڵکو هەتا پێی کرا زوو رای کردو وولاتی بـەجێ هێشت ، ئەوسـا خانـەبەگ بە ئاسـانی وولاتی ئەردەڵانی خستە ژێردەستی خۆیەوەو بگرە پایتەختەکـەی کە شاری سنە بو داگیری کردو کردێ پایتـەختو جێنشـینی خۆیو حکومەتی قەڵاچوالانی بەخشی بە خالدبەگی برای ئەمە لە سـاڵی ١١٣٥ کوچیدا رووی‌دا •

پاش ئەمە بە ماوەیەك واتە لە ساڵی ١١٣٦ کوچیدا ، والی بەغـدا ئەحمەدپاشا ناو بانگی شەڕکردنی گشتی‌دا دژی ئێران ، خانەبەگ کـە زۆر بە قین بوو لە ئێران ئەمەی بە هەلێکی باش زانی بۆ ئـەوەی زیانی باش بە ئێران بگەیەنێو هیلاکی بکات بۆ ئەوەی دوا رۆژ چاو نەبڕێتـە ئەوەی ئەردەڵانی لێ بسێنێتەوە • لەبەرئەمە بە خۆیو هەزار سـواری ئازاوە لەگەڵ سوپای والی بەغدا رووەو کرمانشاە روشتن ، بگرە خانەبەگ لەم هێرشەدا پێشڕەو بو واتە لە پێش سوپای هێرش بـەرەوە بەخۆیو سوارەکانی‌یەوە پەلاماری ئەدا • لەبەرئەوەی شاری کرمانشاە خۆی بۆ ئەم هێرشە ئامادە نەکردبو بێ شەڕ کردن خۆی دا بە دەستەوە • لـە ئەنجامی ئەمە شاری هەمەدان کەوتە مەترسی‌یەوە ، بۆیە ئێرانی‌یەکـان بریاریان‌دا خۆیانی تێدا قایم بکەن و بە ئاسانی خۆ بە دەستەوە نەدەن • سوپای والی بەغاش کـە ئەمەی دی ناچار بوو گەمارۆی شارەکە بدات ، بۆ ئەوەی بەوە هیلاكو برسی بنو ناچار بن خۆیان بدەن بە دەستەوە • ماوەی یەکێ هەفتە هەر مشنو مڕیان بوو جاروبار سوپای ئێران لە شـار

خۆی دەرباز ئەکردو هێرشی ئەهێنایە سەر سوپای والی بەغدا بـەڵام بـە شکاوی‌و بە زیانێکی زۆرەوە ئەگەڕایەوە دواوە • ئەم جۆرە شەڕو دۆخە نزیکەی بیست رۆژێک بەردەوام بوو • ئێرانی‌یەکان لە هیچ لایـەکـەوە یارمەتی‌یان بۆ نەهات توانای شەرکردن‌و پەلاماردانیشیان نەمـابو ، بگرە هەتا لەوەش دڵنیـا نەبوون کە بتوانن شارەکـە بـەجێ بهێڵن‌و بێ قەڵاچۆکردنیان دەرباز بن • برسێتی‌و هیلاکیش زەیفی لێ سەندبوون ، بەڵام دوایي شەوێک هەلیان بۆ هەڵکەوت توانیان خۆیان دەرباز بکـەن • بۆ رۆژی دوایي سوپای والی بەغدا واتە سوپای دەوڵەتی عوسمانی بـە سەرکەوتویی چوە شاری هەمەدانەوەو داگیری کرد •

والی بەغدا وەکو نیازی لەم شەڕەو لـەم هێرشەی بۆ سـەر ئێران تەنیا داگیرکردنی ئەم دووشارە بوبێت ، لەبەرئەوە ئەبنین هـەر کـە داگیری کردن خێرا هەردوکی واتە کرمانشاەو هەمـەدان خستە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی‌یەوەو هەر ئەوەندەی کاروباری رێک‌خست‌و ئاسایشی گەڕانەوە وازی هێناو بەرەو بەغدا گەڕایەوە • خانەبەگیش لەم خزمەت گوزاری‌یەو لەو هەمو ئازایـەتی‌یەو بەجـەرگیتی‌یەی خۆی‌و سوپاکەی نواندیان وای کرد والی بەغدا ناچار بێت ناوی پاشایەتی بداتێ‌و خەڵاتێکی زۆری بـکات • بـەم جۆرە بە کردەوەی خۆی توانی ناوی حکومەتی بابان بەرز بکاتەوە واعتبارێکی تەواوی بۆ پەیدا بکات • دوای ئەم جەنگە خانەبەگ بە سوپاو پیاوانی خۆیەوە بەرەو سـنە گەڕایـەوە ، خالد بەگ‌و فەرهاد بەگی براشی ناردەوە بۆ قەڵاچوالان • وا دیـار بـو خانەبەگ زۆر لە خالدبەگی برای رازی نەبو ، لەبەرئەوە لە ساڵی ١١٣٩

کۆچیدا لای برد وه له جێگای فەرهـــاد بەگی برای لەســـەر حوکمی قەڵاچوالان دانا • بەڵام زۆری نەبرد واتە پاش دووساڵ فەرهاد بەگ مرد ئەوسا جارێکی تر هات خالدبەگی کردەوە بە حاکمی قەڵاچوالان •

له پاش ئەم مێژووه به دوو ساڵ واته لـــه ســـاڵی ۱۱٤۳ کۆچیدا یەکێک له پادشاکانی دەوڵەتی سەفەوی که شاه تەهماسب بوو هاتە ســەر تەختی حوکم رەوانی له ئێران[۱] • ئەم شا لاوه مەزهـــەب پەرستە لای نەنگ بو شاری هەمەدانو کرمانشاه کـــه به هی خۆی ئەزانین له ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا بێت ، جا لەبەرئەمە بریاریدا بیانسێنێتەوە، بۆ ئەمە هات لەشکرێکی بێشوماری پێکهێنا ، ســەرکردایــەتی ئــەم سوپایەشی دا به نادرشاه ناو وه ناردی‌یە ســەر هەمەدانو کرمانشـــاه • نادرشاه به ئەسل له تایفـــەی بیاغی‌یـــه پیاوێکی دوربینو هوشیارو ئازا بووه ، لەبەر ئەوه ئەوەبو توانی دوا رۆژ ببێتە گەوره ترین پیاوی ئێران واته لەسەر تەختی پاشایەتی ئێران دابنیشێ • لەگەڵ ئەمانەشدا نادرشـاه پیاوێکی به قینو دڵ رەق بگره هەتا بڵێت درندەو خوێن رێژ بوو ، چاوی له هیچ نه ئەترسا بەزەییش به هیچ شتیکدا نەئەهاتەوه ، بچوایـه هـــەر شوێنێک لـــه وێرانیو کاولی بـــەولاوه هیچی تری دوای خۆی بـــەجێ نەئەهێشت • سەرەرای ئەمەش پیاوێکی دووڕووی تەمـــاع کار بوو بۆ سوودی خۆی دەستی نه ئەپاراست ، جا تەماعی گەیشـــتبوه رادەیەک

---

(۱) ئەم شا تەهماسبە ، شاه تەهماسبی دوهەمە که نادرشاه خۆی هێنایە سەر تەخت ساڵی ۱۱٤۲ کۆچی و نەک ۱۱٤۳ • وه لەبەر ئـەوەی مناڵ بوو نادرشاه هەمو شتی به ناوی بوژانەوەی دەسەڵاتی سەفەوی‌یەکان گرتە دەست خۆی • ( ک )

چاوی لە تەختو تاجی ئێرانیش بڕیبو ، بۆ ئەم مەبەسە ئەیویست خۆی بە خێڵی پاشایەتی‌یەوە ببەستێ لە ڕێگای ژنو ژنخوازی‌یەوە • جا لەم ماوەیەدا نادرشاە کە ئەوسا ناوی نادر قولی بوو هــەر خۆی حساب بوو ، دامو دەستگای ئێران هەموی بە دەست خۆیەوە بوو •

تەماعی نادرقولی هەر بەوەوە نەوەستابو کە کاروباری پاشایەتی ئەو پادشا منالە بگرێتە دەستو بە ناوی ئەوەوە حوکم ڕەوانی بکات ، بەڵکو ئەیویست هەمو خەڵکی ئیرانو بەتایبــەتی پیـــاو ماقوڵانی ئێرانو سوپای ئێران بخاتە تەک خۆی • باشترین تەگبیریش بۆ ئەمە ئەوەبو مەسەلەی سەندنەوەی هەمەدانو کرمانشاە بخاتەوە کایەوە ، چونکە ئەم مەسەلەیە روخسارێکی نەتەوایەتی بە نیسبەت ئێرانی‌یەکانەوە وەرگرتبو ، واتـــە هەوڵدانی نادرشاە بۆ سەندنەوەی ئەم دوو شارە بۆ مەسلحەتو هێنانەدی ئامانجەکانی خۆی بو • هەر لەبەر ئەم هۆیەش بوو خێراو زۆر بە پەلــە بە ئۆردویەکی گــەورەوە بــەرەو هەمــەدان رویشتو ئەو شارەی گەمارۆ دا •

هێزی عوسمانی کە لە هەمەدان بوو ، ئەم هێرشــە کتوپڕی‌یەی نادرشاە شڵەژاندنی ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە پێی توانای خۆیان شەریان کردو هەوڵیاندا شارەکە بپارێزنو نەیدەن بە دەســـتەوە ، بەڵام هێزی نادرشاە دە ئەوەندەی هێزی ئەمـــان ئەبوو لەبــەرئــەمــە زۆر خۆیان پێ نەگیراو ناچار بوون شاری هەمەدان بەجێ‌بهێڵنو بیدەن بە دەســـتەوەو بەرەو شاری کرمانشاە بکشێنەوە • بەس لەوێش هێزی نادرشاە شوینیان کەوتو تەنگی پێ هەڵچنین تا ناچار بوون ئــەو شــارەش بەجێ‌بهێڵنو

بەرەو شاری بەغدا بگەڕێنەوە • بەم جۆرە نادرشاە لە ماوەیەکی کەمو زۆر بە ئاسانی ئەم دوو شارەی سەندەوە ، بەمەش بێگومان لەبەرچاوی ئێرانی‌یەکان بەرز بۆوەو چوە دڵیانەوە ، ئەمەش ئەوەبو کە نادرشاە لە خوای ئەویست‌و هەوڵی بۆ ئەدا •

دەوڵەتی عوسمانی لە ئەستەمبوڵ کە ئەمەی بیست داوای لە والی بەغدا ئەحمەدپاشا وە والی دیاربەکر مصطفیٰ‌پاشا وە والی سیواس حسین پاشا کرد لەگەڵ موتەسەریفی مەرعەش‌و موسل بۆ ئەوەی هەمویان بە یەکەوە بە سەرکردەی والی بەغدا پەلاماری سوپای ئێران بدەن • والی بەغدا وەکو ئەم هەمو سوپایانە بەشی نەکردبێ لەبەرئەوە داوای لە خانەبەگیش کرد کە بەهێزی خۆیەوە بەشداری ئەم لەشکرە بکات •

ئەم هێزە گەورویە لە بەغدا کۆبۆوەو دوایی بەرەو کرمانشاە کەوتە ڕێ ، بەڵام کە گەیشتنە شارەزور سولتانی عوسمانی کە سولتان ئەحمەدخانی سێهەم بو مردو لە جێگای ئەو سولتان مەحمودی یەکەم هاتە سەر تەخت ، جا لەبەر ئەم ئاڵوگوڕی‌یە سوپای عوسمانی لە شارەزور مایەوە چاوەڕوانی فرمانی تازەی سوڵتانی نوێ‌بو • لەم فرمانە تازەیە سێ مانگی ویست هەتا گەیشتە ئوردوی شارەزور ، سوڵتانی عوسمانی لەم فەرمانەیدا داوایان لێ ئەکات کە لەسەر پەلامار دان بڕۆن •

لەسەر ئەم فرمانە سوپای عوسمانی لە شارەزورەوە لە ساڵی ١١٤٤ کۆچیدا بەرەو کرمانشاە کەوتە ڕێ‌و هەر گەیشتنە سنوری ئەم شارە ، دانیشتوانی‌و پیاو ماقوڵانی بەرەوپیر سوپای عوسمانی‌یەوە هاتن بەم

جۆرە جارێکی‌تر ئەم شـــارە کەوتەوە ژێر دەســـەڵات‌و حوکم ڕەوانی دەوڵەتی عوسمانی‌یەوە •

لەپاش حەسانەوە ئەم سوپایە بەرەو هەمـــەدان کـــەوتە ڕێ ، لێرە بەدواوە خانە بەگ وەکو جارانی سەرۆکایەتی‌و پێشڕەوێتی سوپای گرتە دەست‌و ئازایەتێکی تەواوی نواند ، بەڵام شاری هەمەدان وەکو کرماشانی نەکرد واتە زوو خۆی نەدا بە دەستەوە ، بەڵکو دەرگای شورەکانیـــان داخست‌و کەوتە شەرکردن •

لەولاشەوە شاە تەهماسب بۆ یاریدەدانی شاری هەمەدان بە هێزێکی سەد هەزاری‌یەوە کەوتە ڕێ‌و ، لە نزیک شاری هەمەدان بـــە خۆی‌و سوپایەوە هەڵی‌دا • سوپای عوسمانی کە ئەمەی دی وایان بە باش زانی کە واز لە گەمارۆدانی شـــاری هەمـــەدان بێنن‌و پەلاماری سوپای شاە تەهماسب بدەن • بۆ ئەمەش جارێکی تر ئەرکی پێشڕەوێتی‌و پەلاماردانیان خستەوە سەر شانی خانەبەگ کە بۆ ڕۆژی دوایی بۆ هێرش بردنەســـەر سوپای شاە تەهماسب کەوتە ڕێ •

٣ سەعات دوور لە مەرکەزی سوپای شای ئێران خانەبەگ ئازایانـە پەلاماری پێشڕەوی سوپاکەیانی‌دا ، بەیەکا چون‌و شەڕێکی گەورە ڕووی‌دا، لەم شەڕەدا سوپای بابان ژمارەیەکی زۆری لە ســـوپای ئێران کوشت ، بەرادەیەک ئەو سوپایە دوایی خۆی پێ نەگیراو ناچار بوون ڕا بکەن‌و پرش‌و بڵاوبنەوە •

بۆ ڕۆژی دوایی سوپای عوسمانی گەیشتە لای سوپای خانەبەگ‌و بەیەکەوە لەگەڵ هەمو سوپای ئێراندا بەیەکا چوون • شـــەڕێکی زۆر

قورس کرا ، ئەم شەرە سێ شەوو سێ ڕۆژ بێ وەستان بەردەوام بوو ، لە هەردولا بەتایبەتی لە سوپای ئێران ژمارەیەکی زۆر لـــەناو چو ، بۆ ڕۆژی چوارەم سوپای ئێران تەواو شپرزە بو وە خراپ شکا بە رادەیەک شای ئێران هەر ئەوەندەی پێ کرا بتوانێ بە خوێو پێنجسەد کەس لـــە خزمو تابعەکانی خۆیەوە بـــە شـــەرەشـــەق رزگار بێتو بـــەرەو شـــاری قەزوین هەڵبێت • لەم شەڕەدا سوپای ئێران لەتاو شپرزەییو بۆ ئەوەی گیانی خویان رزگار بکەن هەرچی هەیان بووە بەجێیان هێشتوە ، جا لەبەر ئەمە سوپای عوسمانی تالانییەکی زۆری چنگ‌کەوتوە ، باوجود لە شاری هەمەدانیش هێندەی تر جبەخانـــەو تالانی تریان چنگ کـــەوتو دوایی خەلاتێکی زوریان بەخشی لەمە خانەبەگ لەبەرئـــەو ئازایەتییەی خۆیو سوپاکەی نواندی تەواو چوە دڵی والی بەغاوەو شیرێکی گەورهـــەرداری پێ بەخشي •

بەلام وا دیارە ئەم دۆستایەتییە زۆر درێژەی نەکێشا ، چونکە لـــە هەرچوارلاوە گەلێک لە پیاوە گەورەکان چاویان بە خانەبەگ هـــەڵ نەئەهێنا وە حەزیان ئەکرد چاڵی لەژێر پیدا هەڵ کەنو لای احمدپاشـــا چارەی ڕەش بکەن • لەبەرئەوە کەوتنە فیتنەیی بۆی ، بەلام تا ماوەیەک ئەم فیتنەبازییە سەری نەگرت چونکە پاشا بڕوای نەئـــەکرد بەو قسـانە کە هەموی بریتی بوو لەوەی گوایە خانە بەگ ئەیەوێ دەسەلاتی خۆی فراوان بکات بەرادەیـــەک بچێت هەتـــا شـــاری بەغـــداش داگیر بکاتو ئەحمەدپاشا دەست‌بەست بکات • بەلام دوایي وای لێهات بڕوا بکا ، وە وای بێتە بەرچاو کە خانەبەگ زیاد لە پیویست دەسەلاتی پەیدا کردوە ،

ئەمەش بەرای ئەو زیانێکی گەورەی پێ ئەگەیێنێ • دوایی هاتە سەر ئەو رایە کە ئەگەر چاوو پۆشی لە خانەبەگ بکاتو زوو دەستی لێ نەوەشێنێ ئەوە دوایی خۆی تیا ئەچێ • باوەجو چەند کردەوەیەکی خانەبەگ وای ئەکرد پاشا پتر بڕوا بە ناپاکی خانە بەگ بکات • مەسەلا ، خانەبەگ هەرچەند بهاتایە مەجلیسی پاشا وەکو خەڵکی تر مەرایی‌و ریایی بۆ پاشا نەئەکرد ، بەڵکو هەمیشە بە لوتێکی بەرزو بروایەکی تەواو بە خۆیەوە ئەهاتە ئەو مەجلیسە • بەڵام لە راستیا خانەبەگ هیچ نیازێکی خراپی نەبوو ، بەتەمای ئەوە نەبوو ئەحمەدپاشا بکوژی‌و بەغدا داگیر بکات • ئەو لوت بەرزی‌یەش لە تەبیعەت‌و خوو رەوشتی خۆیەوە بوو ونیازێکی خراپی تیا نەبو • جا لە ئەنجامدا ئەحمەد پاشا غایلە دایگرت‌و قسەو بوختانی خەڵکی چوو بە گویاو فەرمانی دا خانەبەگیان کوشت ئەو خانەبەگەی ئەو هەمو چاکەو خزمەتەی بە دەوڵەتی عوسمانی گەیاند[1] •

بێ گومان لەناوچوونی خانەبەگ زیانێکی گەورەی گەیاند بە دەوڵەتی عوسمانی ، چونکە ئەگەر ئەوەش راست بوایە کە خانەبەگ ناحەزی ئەحمەدپاشا بوو ئەوە پیویست بوو ئەوە لەیادی ئەحمەدپاشا نەچوایە کە ئێران خەتەری لە خانەبەگ بو دەوڵەتی عوسمانی زیاتر بوو،

---

(١) ئەوی راستی بێت چەند نوسراوێکی مێژوویی تر وای دەرئەخەن کە خانە پاشا بە والیتی ئەردەلان مایەوەو لە دواییدا مرد • بەڵام چەند نوسراوێکی تر وای دەرئەخەن کە بە فرمانی ئەحمەد پاشا راستەو خۆ نەکوژرا ، بەڵکو لە ئەنجامی دەسیسەی ئەو پاشایە بە نهێنی کوژرا • هویەکەش هەر ئەوە نەبو کە بوختان‌و دەلەسە گوێی پاشای لێ پڕ کرد بەڵکو بەهوی کۆنە قینەوە بو • جا بۆ ئەم مەبەسە باشترە مێژووی سلیمانی ئەمین زەکی بەگ بخوینریتەوە • ( ک )

وه خانەبەگ یەکێک بوو لەوانەی وەکو درک لە چاوی ئێران چەقی بوو ، وە سنوری دەوڵەتی عوسمانی لە دەست درێژی ئێران ئەپاراست ، بە گەرمیو ئازایانە ئەچو بەگژ ئێرانداو بەسەریا زاڵ ئەبو لەمەدا هەر پەرژەوەندی خۆی تیا نەبوو بەڵکو هی دەوڵەتی عوسمانیش تێدا بوو • جا دوور نی‌یە کە میللەتی کورد بەتایبەتی لە ناوچەی بابانو ئەردەڵان بەم کردەوەیە دڵیان لە دەوڵەتی عوسمانی شکا وەکو جاران لە تەنگانەدا نە ئەهاتن بە دەنگی‌یەوە • ئەم راستی‌یەش زۆری نەبرد دەرکەوتو ساغ بۆوە • ئەوەبو هەر لەم ماوەیەدا نادرشا هاتە سەر مەسرەحی میژووی رۆژهەلاتی ناوەند ، وە ئەبینین کە هەر ئەو سوپای ئێرانەی چەند ساڵ لەوەوپێش لە هەمەدانو کرمانشاە لە روی سوپای عوسمانیو بابانا هەلاتو بە شپرزەیی ئەو دوو شارەی بەجێ هێشتو دانی بەدەستەوە ، هەر ئەو سوپایە پاش چەند ساڵێکی تر بە سەرکردەیی نادرشا هاتو نەک بەگورجی ئەو دووشارەی سەندەوەو سوپای عوسمانی تەفرو تونا کرد بەڵکو بە هەمو وولاتی کوردەواریا هاتو رووی کردە شاری بەغداشو کەماروی‌داو ئەو شارەی توش دەردی برسیتیو نەخۆشی کرد بەرادەیەک سێ‌یەکی دانیشتوانی لە ناوچوون • ئەمە چونکە سوپای ئێران کە جاران بە وولاتی کوردەواریدا بڕوشتایە پەلاماری ئەدراو تەواو هیلاک ئەکرا • بەڵام ئەمجارە لە ئەنجامی کردەوەی نارەوای ئەحمەد پاشا ئەم وولاتی کوردستانە یارمەتی تەواوی دەوڵەتی عوسمانی نەدا •

بە کورتی خانە پاشا کە مرد ، تەرمەکەیان هێنایەوە عەودالانو لەوێ ناشتیان لە لای مەرقەدی شێخ اسماعیلی عەودالانەوە • لەم کاتەدا

محمد بەگی خانە بەگ حاکمی شاری سنەبو ، بەڵام کاتێک نادرشـــــاە بەخۆیو لەشکری‌یەوە بەرەو بەغدا بە کوردستانا کەوتە رێ ناچار بـوو سنە بەجێ بهێڵێت •

● ●

## « حکومەتی خالد پاشا »

لە پاش مردنی خانە بەگ ، خالد بەگی برای لەسەر تەختی حوکم رەوانی بابان لە قەڵاچوالان دانیشت خالد بەگ وەکو باسی ئەکەن پیاوێکی ناسراوی بە ئەخلاق بوو ، خاوەنی کردەوەی جوانو ئازایەتی راستەقینە بوو • ئەم خوو رەوشتە جوانەیو ئازایەتی‌یەی لەوەدا دەرئەکەوێت کـە کاتێ خانە بەگ کۆچی دوایی‌کرد ، ئاشوبەو دووبەرەکی تا رادەیـەک سەری دەرهێنا ، بەڵام ئەم توانی زوو هەموو شت بهێنێتەوە جێگای خۆیو ئیدارەکردنی وولات رێک بخرێتەوە • کاتێک نادرشـــــاە بە وولاتی کوردەواریا بەرەو بەغدا هاتە خوارێ ، ئەحمەد پاشا والی بەغـدا داوای یارمەتی لە خالد بەگ کرد ، بەڵام ئەم بە بیانوی پاراستنی وولاتی بەدەنگ ئەحمەد پاشاوە نەچو •

سەرۆکی شاری تەورێز کە لطف علی بەگی ناوبـــو ، بـــە هێزی ئازربایجانەوە بەتەما بوو بێتە سەر قەڵاچوالان بۆ ئەوەی لـەوێوە بـەرەو بەغدا بکەوێتە رێ بۆ یارمەتی دانی نادرشاە • خالد بەگ خەبەری زانیو بە خێرایی هێزی خۆی کۆ کردەوەو چوە سەردەشت بۆ ئەوەی رێگا لە لطف علی بەگ بگرێت •

بێ گومان لطف علی بەگ بەم کردەوەیەی خالد بەگی زانی ، ئەمەش ئەو نیازەی سەرەو نگوم ئەکات ، وا دەرئەکەوێت نەی ئەویست یان نەی ئەتوانی بچێت بەگژیا ، لەبەرئەوە ، هات نامەیەکی دڵ خۆش کەرەی بۆ نوسی ، لەو نامەیەدا ئەوەی بۆ خالد بەگ دەرخست کە ئەم هیچ نیازێکی خراپی نی یە بەرامبەر بە حکومەتی قەڵاچوالان ، تەنیا ئەوەیە ئەیەوێت بەرەو بەغدا بۆ کۆمەکی نادرشا بچێت ، خۆ ئەگەر خالد بەگیش رێگای بداتو بۆ یارمەتی دان لەگەڵیا بێت ئەوە جێی سوپاسی نادرشاه ئەبێت •

خالد پاشا وەکو هەمو پیاوێکی ئەو زەمانە پیاوێکی ئاین پەرست بوو وە رەگی مەزهەبێتی لە دڵو دەرونیا داکوتراو بوو ، لەبەرئەوە لای نەنگو کارێکی ناشرین بوو پشتی سوپای ئێران بگرێو دژی دەوڵەتی عوسمانی بوەستێ کە سوڵتانەکەی خەلیفەی موسلمانان بوو • هەرچەندە ئەحمەد پاشا خوێنی خانە بەگی برای خالد پاشای لەئەستۆ بوو بەڵام هەرچەندی ئەکرد بەدڵیا نەئەهات دژی بوەستێ هەر لەبەرئەوەی نوێنەری خەلیفە بوو لە بەغدا • لەبەرئەمە وەڵامی لطف علی بەگی دایەوە « کە من پیاوێکی لە خوا ترسم وە خەلیفەی ئیسلام بە گەورەی خۆم ئەزانمو قەت دەست ناخەمە خوێنی سوپاکەیەوە ، لەبەرئەوە من بێ لایەن ئەوەستم حەقم بەسەر هیچ لایەکتانەوە نی یە ، بەس بە وولاتی مندا تێ مەپەڕە چونکە رێگات نادەم ، باشترە لە رێگایەکی ترەوە برۆیت » • لطف علی بەگ کە ئەم خەبەرەی پێ گەیشت ناچار بوو لە رێگایەکی ترەوە بڕوات • هەر لەم وەختانەدا نادرشاه بە سوپاکەیەوە ، لە ناوچەی

شارەزورەوە تێ پەڕی ، ئەوسا سەرۆکی ئەو ناوچەیە سەلیم بەگی بەکر بەگی ئاموزای خالد بەگ بوو • سەلیم بەگ ئەو توانا و دەسەڵاتەی نەبوو تا بەرامبەر سوپایەکی گەورەی وەکو سوپاکەی نادرشاه بوەستێ ، لاشی نەنگ و ناخۆش بوو ، ئەم سوپایە بە وولاتی ئەودا بڕوا بێ ئەوەی دەستی لێ نەوەشێنی ئازایەتی بابان و زەبرو زەنگی پیشان نەدات لەبەرئەوە لەپشتەوە بە هیزێکی بچوکەوە روێشت ودای بەسەریاو دەستی خۆی وەشان و زیانێکی باشی لێدا •

نادرشاه ئەوەندەی درندەو دڵرەق بوو هێندەش دووربین و زیرەک بوو ، هەستی بەوە کرد کە کوردەکان لە خۆی نەوروژێنی باشترە ، وە چاو لەم دەست درێژی یەی سەلیم بەگ بپوشێ و هەوڵ بدا دوو بەرەکی بخاتە ناو کوردەکانەوە ، واتە ئاگری دوژمنایەتی لە نیوان سەروکەکانی باباندا هەڵگیرسێنی ، بۆ ئەوەی بە شەڕی ناو خۆوە خەریکیان بکات ، بەوە هەم لە دەست دریژیان رزگاری ئەبێت و هەم توانای ئەوەشیان نامێنێ یارمەتی ئەحمەد پاشای بەغدا بدەن ، لەبەر ئەمە هات نامەیەکی بۆ سەلیم بەگ نوس لەو نامەیەدا نوسرابو کە « تۆ بێ ترس پەلاماری سوپای مەزن و نەبەزی ئێرانتدا ، و زیانێکی زۆرت پێگەیاند ، بەڵام من چاوو ئەپۆشم ، چونکە ئازایەتی وەهام خۆش ئەوێ و بە رێزەوە سەیری ئەکەم و زۆر دڵم خۆش ئەبێ ئەگەر چاوم پێت بکەوێت و بێیتە لام »• بەم جۆرە نامەیەکی وەهای بۆ نارد ، سەلیم بەگ کە نامەکەی وەرگرت ئەیزانی نادرشای هەوشاری پیاوێکی بێباری خوێن رێژە ، چونکە ناوبانگی وەها دەرکردبو، لەگەڵ ئەوەشدا ویستی ئازایەتی کوردی بابان جارێکی تر بە گەورەی

ئێران بناسێت ، لەبەرئەوە بێ ترس بێ سڵ کردنەوە چوە لای نادرشاه •
کە چوە لای نادرشاه پێی ووت :

نەک ئینسان بەڵکو شاخو داخیش لە زەبرو زەنگی من ئەترسێت ، کەچی تۆ لە شانو شەوکەتی من نەترسایت ، بە پیچەوانەوە زۆر ئازایانە پەلاماری سوپاکەمت داو زیانێکی باشت لێ داین • سەلیم بەگ وەلامی دایەوە ووتی :

ــ شاهم هەواو سروشتی ئەم وولاتە نیرە ، ئازایەتی خاسیەتی فیطری ئێمەیە • جا من تێ ناگەم چۆن لە کاتێکدا حکومەتی بابان هەبێ هوردویەک بە وولاتەکەیدا بڕوات بێ ئەوەی خۆمانی پێ بناسینو چاوشکێنی نەکەین ، ئەگەر وامان نەکردایە پاشای بابان لەچاو ئیوەدا بە کویخا دێیەکی ئێران ئەزانرا •

نادرشاه پێی ئەڵێ : ئازایەتی وەها شێتێتی‌یە وە ئەنجامەکەی خراپە ئەگینا چۆن تۆ بە خەیاڵتا هات کە بە مستێ کوردەوە شان لە شانی من بدەیتو بوونی خۆت بپارێزی • سەلیم بەگ لیرەشدا ئازایانە وەلامی ئەداتەوە ئەڵێ : گەورەم پاراستنی ئەم بوونەی ئێمە بە زورو کەمی نی‌یە بەڵکو بە ئازایەتیو عەزمو ارادەوەیە باووباپیری ئێمە بە ئازایەتی بە رەنجو تێکۆشان ئەم حکومەتەیان پێک هێناوەو بۆ ئێمەیان بەجێ هێشتوە بۆ ئەوە نا کە بیکەین بە قوربانی ترسو تەمەڵی بەڵکو بە پیچەوانەوە بۆیان بەجێ هێشتوین کە هەتا دوا دڵۆپی خوینمان هەوڵ دەین بۆ پاراستنیو گەورە کردنیو ئاوەدان کردنەوەی • جا ئیمەش ئەگەر تێ نەکوشین وە هەوڵ نەدەین بۆ پاراستنی ئەم کۆمەڵەو قەومە بچوکەمان کەواتە لە نەوەی

ئەو ئازاو نەبەردانە نین‌و حەق وایە لەوانمان حساب نەکەن • بەڵێ شاهم بۆ دەوامی ژیانی وولاتەکەمان هەمو خۆ بەخت کــــردنێــــک ئەنوێنین بەرادەیەک پێ‌ی بڵێن شێتێنی ، ئەگەر وا نەکەین ئەوە گیــانی باپیرانمان لێ عاجز ئەبێت‌و بەوە ئازاریان ئەدەین • نادرشاه بە سەلیم بەگ ئەڵێ : لەمەدا کوڕم سەهویت ، خۆ پاراستن‌و سەرکەوتن بە مستێ ئینســانــەوە بەوە ئەبێت کە بەرامبەر هاوشانێکی خۆتان بینوێنن ، بەڵام بەرامبـــــەر بەدەوڵەتی گەورە ئەوە وجودی خۆتان هەتا بە زبانیش ناتوانن بنوێنن • ئەم دوژمنایەتی‌یەتان بون‌و قەومایەتیتان بەرەو نەمان ئەبات ، بگرە پەلــە لەو نەمانە ئەکات ، لەوە وورد بەرەوە مومێک بــــەرامبــەر بە رۆژ چ روناکی‌یەکی هەیە ؟

سەلیم بەگ لەوەلامدا ئەڵێ : شاهم تەماشا ئەکەن ئینســـــان لــە سەرەتاوە لە دایک ئەبێ • لە قۆناغدا دا ئەنرێ‌و لەم باوەش بـۆ ئــەو باوەش ئەچێ ، دوایی پێ ئەگرێ‌و بەرە بەرە گەورە ئەبێ هەتا ئەبێتــە پیاوێکی بە قەڵافەتی گەورە ، راستە مۆم لە عاسـت رۆژدا نانوێنێ بـەڵام رۆژ کە ئاوا بو ئەمجا مۆمەکە روناکی خۆی دەر ئەخا •

نادرشاه ئەڵێ : کە مادام وایە ، مادام بەم جۆرە هەوڵ ئەدەن بـۆ وجودی وولاتتان وە ئاوەدان کردنەوە‌ی‌و پاراستنی ، کــــەواتە بـۆچی ئەحمەد پاشا والی بەغدا سەرەرای ئەو هەمو خزمەتەی خانە بەگ بـۆی کرد پاداشی ئەوەبو بەو جۆرە ئیعدامی کــردو ئێوەش چـاوتـان پۆشی‌و هیچتان نەکرد ، گوایە گیانی خانە بەگ چاوی لە تۆڵە سەندنەوە نی‌یە ؟

سەلیم بەگ ئەڵێ : راستە بەڵام حکومەتی عوســمانی دەوڵــەتی

خەلافەتەو هەستان لەرویا لای ئێمە گوناهەو راست نی یە • لەبەرئەوە ناچارین چاو بپۆشین •

نادرشاە پێی ئەڵێ : ئیتاعەت بەم جۆرە وە تا ئەم رادەیە نەفامی‌و دواکەوتنە • ئێمەو ئێوە هەردولامان خۆمان بە موسڵمان ئەزانین • ئێمە داواتان لێ ناکەین کە دژی خەلیفە بوەستن‌و لێی عاسی بن ، بەڵکو ئێمە داوای ئەوە ئەکەین کە حەقی خانەبەگ بسێنن • وە لەبەرئەوەی چاو لەو تۆڵە سەندنە دائەپۆشن من بە لەکەدارتان دائەنێم‌و ئەگەر لەم نوقتەیەوە سەیری ئازایەتی‌و فیداکاریتان بکەین ئەبینین بە پیچەوانەوە هەژارو بێ دەسەڵاتن • بۆ ئەمە دڵم پێتان ئەسوتێ ، وەلام عەیبە ئەحمەد پاشایەکی خوین رێژو دوژمنتان بە چاوی خەلیفە سەیری بکەن • بەراستی پیکەنینم پێتاو دێت‌و ، سەرم سوور ئەمێنێ لەم نەفامی‌یەتان • بە ناوی ئیسلامەوە قارەمانانی ئیسلام بکوژرێ • خوێنخوارێکی وەکو ئەحمەد پاشا بە ناوی ئیسلامەوە هەمو خراپەیەک بکات کەچی بە چاوی خەلیفەی ئیسلام سەیر بکرێت ، ئەمە لە نەزانین بەولاوە هیچی تر نی‌یە• ئیمەش خۆمان بە ئیسلام ئەزانین‌و رێز لە خەلیفە ئەگرین وە چاکەی ئیسلاممان ئەوێت ، بەڵام کە یەکێکی موسلمانی وەکو ئەحمەد پاشا بەم جۆرە خراپە بکات ناچارین دژی بوەستین‌و لای بەرین •

سەلیم بەگ ئەڵێ : هەرچەند خراپ بێت بەڵام مادام نوینەری خەلیفەیە لە بەغدا ئەبێ چاوی لێ بپۆشین‌و سەری بۆ شۆر کەین •

نادرشاە دیسان ئەڵێ : لە سەرەتاوە ووتم کە نەفامیتان رێگای بینینی راستی لێ گرتون ، ئەبێ خەلیفەی ئیسلام پیاوی بەد کردگاری خۆی

بناسیٚو زوو سزای بدات • پیاوی مەردیش ئەوەیە کە چەوتی دەرئەخاتو دژی چەوتی ئەوەستیٚو هەوڵ ئەدات لە ناوی بەریٚ • ئەحمەد پاشای بەغدا زۆر ئازاری زیارەت کەرە ئیٚرانی‌یەکان ئەدا کە ئەچیٚ بۆ نزرگاە پیرۆزەکانی عیراق ، لەبەرئەوە ناچارین ئەم زورداری‌یە لەسەر شانی خۆمان هەڵگرین ، بۆیەش بەم هۆردووەوە بەرەو بەغدا ئەچم • ئیٚوەش مادام ناتوانن حەقی خانەبەگ بسیٚنن ، بریارمدا ئەمجارە من بۆی بسیٚنم • خالدبەگی مامت لایەنی ئەحمەدپاشا ئەگریٚت ، من لەوە دڵنیام کە هاو فکری ئەوە ، من لەبەرئەوەی بە ریٚزەوە سەیری خانەدانیٚتی ئیٚوە ئەکەم وە بۆ ئەوەی لای تۆش ئیسباتی بکەم کە نامەویٚ وەجاغتان کویٚر بکەمەوە ، هەروەها ناشمەویٚ ئەم وولاٚتەتان ویٚران بکەم چونکە ویجدانم قبوڵ ناکات ئەگینا ئەمتوانی خاکتان بە تورەکە بیٚژمەوە ، وە بۆئەوەی تەڕو ووشک پیٚکەوە نەسوتیٚ ، تەنیا سزای ئەوانە ئەدەم کە گوناهبارن ، جا بۆئەوەی دۆستایەتی خۆمت بۆ دەرخەم وا بریارمدا حکومەتی قەلاٚچوالان بدەم بەتۆ بە مەرجیٚ تۆش وەکو من راست گۆ بیٚتو بەڵیٚنم بدەیتی کە بە گفتارو کردەوەت راست‌بیت لەگەڵما ، منیش لەپاداشی ئەمە تۆ ئەخەمە ژیر حیمایەتی خۆمەوە ، یارمەتیت ئەدەم ، ئەتگەیێنمە ئەوپەڕی بڵندی •

بەم جۆرە ، بە قسەی خۆش بە لاواندنەوە ، بە تەماع خستنە بەردەمو بە هەڵدانو فو تیٚ کردن ، نادرشاە توانی سەلیم‌بەگ لاس بدات ، نیازیش لەمە ئەوەبو یەکەمیان کە سەلیم بەگ بخاتە لای خۆیو بەوە لە ئەحمەد پاشای بەغدای بپچریٚنیٚ وە ئەو هەڵمەتەی کە بۆ سەر

بەغداش ئەیبا لەبەرچاوی ئیسلامەکان بەمشروع دابنرێ ، ولەهەمـــان کاتیشدا لوتی خالدبەگ بشکێنێ لەسەرئەوەی رێگای نـــەدابو بە لطف علی بەگ •

دووهەمیان بەم دەم شیرین کردنەي سەلیم‌بەگ وای‌کرد دووبەرەکی بکەوێتە ریزی بابانەکانەوە بەوەش خالدبەگ سەری قاڵ‌ئەبێت‌و بەوەدا ناگات یارمەتی ئەحمەدپاشـــا بدات ئـــەو یارمەتی‌دانەی کە لەوانەیـــە سەرکەوتنی نادرشاه بخاتە شکەوە •

نادرشا کە توانی بە دووربینی‌و زۆرزانی خۆی حکومەتی ئێران‌و تەخت‌و تاجی لـــە خاوەنی خۆی بسێنێ‌و هـــەمو ئێران بخاتـــە ژێر چنگی خۆیەوە ، لای کارێکی گران نەبوو پیاوێکی ساویلکەی دڵ پاکی وەک سەلیم‌بەگ هەلفریوێنێ • هەر لەپاش ئەم رێک‌کەوتنـــە خێرا هێزێکی دایەو ناردی‌یە سەر خالدبەگی مامی • سەلیم‌بەگیش لەو کاتەدا نـــەی ئەزانی چ کەتنێکی بە خۆی‌و بە بنەماڵەی بابان‌و وولاتەکەی کرد بـــەم کردەوەیەی کە چارەی پینەکردنی نەمابو • هەوای ســـەلتەنەت‌و درۆو دەلەسەی نادرشاه بەرچاوی گرتبو لـــەوە بەولاوە هیچی تری نەئەدی‌و هەستی نەئەکرد دوا رۆژی چی ئەبێت • بە دروکـــانی نادرشاه هـــەڵ خەڵەتاو چاکەو سوودی قەومەکـــەی لەبیرچوەوە بگرە خوورەوشـــتی باوباپیرانی لە یادکرد ئەو خوورەوشتەی بریتی‌بوو لەوەی بچوک ســـەر شۆڕی گەورە بێت‌و سوودی وولاتی لا لە سەرو هەمو شتێکەوە بێت •

بەم جۆرە وولاتی بابان بو بە دوو بەرەوە ، بەرەیەکیـــان لایـــەنی سەلیم‌بەگی گرت‌و بەرەکـــەی تریشـــیان لایـــەنی خالدبەگی گرت •

خالدبەگ ئەیزانی کـــە لەگەل ســـەلیم‌بەگدا پێی ناکرێ وەدەرەقەتی نایەت چونکە نادرشاه لە پشتی‌یەوە وەستابو یارمەتی ئەدا ، لەبەرئـــەوە رای‌کرد ویستی بەرەو ئەستەمبوڵ بچێت ، بەڵام هەتا شاری ( اورفه ) گەیشت ، لەوێ یەکسەر بەرەو شاری موصل گەڕایەوە ، لەوێش مایەوە هەتا لە ساڵی ١١٦٥ کوچیدا کۆچی دوایي‌کرد • لەوساوە سەلیم‌بەگ هات‌و لە قەڵاچوالان دانیشت‌و بوو بە حاکمی وولاتی بابان ، هـەر لـەم ساتەشـــەوە بۆ یەکـــەم جار وولاتی بابان روی کردە ئێران‌و گـوێی نەئەدایە بەغدا •

نادرشاه بۆ ئەوەی بە تەواوەتی قاچی خۆی لەم بەشەی کوردستاندا قایم بکات هات کەوتە پشی پشی کردن بۆ پیاوە ئاینی‌یـــەکان بەتایبەتی بۆ شێخ‌حەسەنی گڵەزەردە کە گەورەترین پیاوی ئاینی ئەو سەردەمە بوو ، بۆ ئەم نیازە نامەیەکی بۆ نوسی داوای دوستایەتی‌و پشتگیری تێدا ئەکـات نامەکەش ئەمەیە :

منى الى ذى المأرب والمنن اعنى به السيد حسن ، اما بعد فان حبى لجدكم لا يكاد انكاره وان مرامي ترويج مذهب الجعفري الصادق فبورود العريضة لابد أن تتشرف الى والا يكون سببا لقهري • »

واتە ئەڵێ کە خۆشەویستم بۆ باپیرتان انکار ناکرێت ، نیازم ئەوەیە مەزدەهەبی جعفري راستەقینە بڵاو بکەمەوە ، جا بە گەیشتنی ئەم نامەیە تشریف بفەرمون ئەگینا نەهاتنتان جێی دڵ تەنگی‌مان ئەبێت » •

بەڵام شێخ حەسەن لەوانە نەبو بە قسەی نادرشـاه تەفرە بخـوا ، ئەوەندەش ســاویلکە نەبو گوێی بداتێ • شــیخ‌حەســەن لە نـەوەی

شیخ‌عیسی‌یا شیخ‌موسایە لە ساڵی ٦٥٦وە لە هەمەدانەوە هاتونەتە بەرزنجە کە نەوەکەیان لە سلیمانی‌و کرکوك بڵاوبونەتەوە هەمویان لە شیخ‌عیساوە هاتونەتە خوارێ • شێخ‌حەسەن بە قسەی نادرشاه ناکات‌و ناچێت بۆ لای، بەڵکو نامەیەکی بۆ ئەنوسێت کە چۆن نوسراوەتەو وەها ئەینوسینەوە :ـ

« أخذت كتابكم ووافانا بالذين خطابكم اما قولك فان حبي لجدكم لا يكادو انكاره ان كانت تلك المحبة ممزوجة ببغض سـايـر الاصحاب طوبى لك في الدنيا وفي يوم احساب والا وبال على صاحبها واما قولك وان مرامى ترويج مذهب جعفر الصادق فانه كان من اجل التابعين وجدنا مالـه مذهب مدون ولو كان له مذهب مدون اتبعناه واما قولك فبورود العريضة لابد ان تتشرف الى فان رجل كسيف البال وضعيف الحال لا اقـدر على المنى ولكن اوصيكم بوصايا تعمل بها وتنجو منها أن لا تحارب السـلاطين العثمانية اذ طلع من اهل الكشف على بقائهم الى يوم القيامـة ومنهـا ان ما اضمرت في قلبك تخريب الموصل لا تفعل يكون سببا في هلاك جندك ومنها ان تعجل في التوبة لانه يقتلك بعض اقاريبك الذي الآن معك » •

واتە ئەڵی « نامەکـەتانم وەرگرت ، دەربارەی ئەوەی ئەڵێن کـە خۆشەویستیم بۆ باپیرتان انکار ناکرێت ، ئەگەر ئەو خۆشـەویستی‌یەی رق‌و کینەی لەگەڵا بێ بۆ ئەصحابەکانی تر ئەوە خوا لەم دنیاو لـەو دنیـا لێت خۆش بێت • دەربارەی ئەوەش کـە ئەتـەوێ مەزهـەی جعفری‌صادق بڵاوبکەیتەوە ئەوە باپیرمان مەزهەبێکی نوسـراوەی نەبو ، چونکە ئەگەر ببوایە ئەوە ئێمە لەسەری ئەرۆیشـتین ، بەڵام دەربارەی ئەوەی کە تەشریف بفەرمومە لاتان ئەوە پیاوێکی پیری پەککەوتەی وەك

من توانای روشتن‌و هاتوچۆی نی‌یە • بەڵام چەند وەسیەتیکتان بۆ ئەنوسم بۆ چاکەی خۆت لەسەری بڕو • مەچۆ بەگژ سولتانـەکانی عوسـمانیدا ، چونکە لە ڕێی ئەهلی کەشفەوە دەرکەوتوە کە ئەمانە هەتا ئەو دنیا هـەر ئەمێننەوە ، بەڵام ئەو نیازەی بنیاتت ناوە بۆ وێران کردنی شاری موصل ، ئەوە واز بێنی باشترە ، چونکە ئەبێتە هۆی لەناوچونی سـەربازەکانت ، هەتا زووشە تۆبە بکە چونکە بەدەستی چـەند خزمێکی خۆت ئەکوژرێت کـە لەگەڵتان » •

بێ گومان ئەم وەلامە سەرو دڵی نادرشای گرت دەسـەلاتیشی نەبو هیچ بەرامبەر بە شێخ‌حەسەن بکاو نـەی ئەتوانی ئازاری بدات چونکە پیاوێـکی ئاینی گـەورەی ناسـراووبو ، لە نـەوەی جعفری‌صادق وحەزرەتی‌حسین بو •

◉ ◉

# « حکومەتی سەلیم پاشا »

سەلیم بەگ کە بو بە سەلیم‌پاشا لەسەر تەختی حوکمڕەوانی بابان دانیشت ، روخسارو ناوەروکی ئیدارەو سیاسەتی حکوومەتی لە بنەڕەتەوە گۆڕی ، چونکە بۆ یەکەم جار حکومەتی بابان لەسەر ئارەزووی ئێران واتە نادرشاە دامـەزرا وهەلئە سورا ، وبەتەواوەتی پەیوەندی لەگـەڵ حکومەتی عوسمانی پچران وە لەبەرئەوەی زۆر هەبوون حەزیان لەئێران نەئەکرد دووبەرەکی‌و دووتیرەیی بۆ یەکەم جار کەوتـە ریزی وولاتی بابانەوە ، تاقمێک سەر بەئێران‌و تاقمێکی تر سەر بە دەوڵەتی عوسـمانی

بوون • سەلیم‌پاشا هیچ هەوڵی نەدا کار بگەڕێنێتەوە دۆخی جارانی بەڵکو بە پیچەوانەوە پتر لای ئەدایە لای نادرشاه • لەبەرئەمـــە ئەحمەدپاشای والی بەغدا لە ساڵی ١١٦٠ کۆچیدا بـــە سوپایەکی گـــەورەوە پەلاماری حکومەتی بابانی دا ، لەلایەن عولەماو شێخ‌و مەشایخی وولاتیشەوە دەنگ درا کە هەرچی بچێت بەگژ سوپای دەوڵەتی عوسمانیداو چەکی لە روودا هەڵگرێت کافرە • لەبەرئـەوە ســـەلیم‌پاشا خەڵکی لێ دوورکەوتەوەو مایەوە خۆی‌و دەست‌وپیوەندەکانی ، ناچاربو رابکات‌و لە قەڵای سروچک خۆی قایم بکات ، شێرەبەگی براشی رای کردو لـە قـەڵای قەمچوغـە خۆی قایم کرد •

ئەحمەدپاشا یەکـەم‌جـار پەلامـــاری قەمچوغـــەی‌دا ، شێرەبەگ ناچار رای کرد ، دوای ئەمە رووی کردە سروچک بۆ سەر سەلیم‌پاشا ، بەڵام دەردو نەخۆشی بەناو سوپاکەیدا بڵاووبۆوەو قری تێ خســتن بـــە رادەیەک وەکو ئەگێرنەوە رۆژی دووسەد ئەمرد ، بگرە هەتا ئەحمەدپاشا خۆشی نەخۆش کەوت • سەلیم پاشا کەوتە دەخالەت کردن ، ئەحمەدپاشا لێی بورد بـــە مەرجێک روو لە ئێران وەرگێرێت • لەســـەر ئەمـــە رێک‌کەوتن‌و ئەحمەدپاشا گەڕایەوە بەغدا بەڵام لە رێگا لە (دەلی‌عەباس) مرد • لە جێگای ئەو سلیمان‌پاشای زاوای بو بە والی بەغدا •

سلیمان‌پاشا وەکو باسي ئەکەن پیاوێکی دووربین بوو ، لەبەرئـــەوە کە دی سەلیم پاشای بابان دیســـــانەوە کـــەوتـــەوە روو کردنە ئێران لەگەڵ ئەوەشدا کە نادرشاه بە کوژراوی مردبو • چەنـد جار ئاگاداری کردو داوای لێ کرد بێتەوە سەر رێی پەیوەندی بەستن لەگەڵ بەغدادا

بەلاّم سودی نەبو • بەڵکو بە پیچەوانەوە ، لەگەڵ عوسمان پاشای حاکمی حەریر ڕێک کەوتن‌و هاتە سەرئەوەی دەست درێژی بکاتە سەر ناوچەی زەندئاباد ئەوسا سلیمان‌پاشا لە ساڵی ١١٦٤ کۆچیدا پـــەلاماری وولاّتی بابانی‌دا ، هەر وەکو جاری پێشو دەنگی‌داو شێخ‌و مەشایخ لەگەڵیا کـــە کەس بە کۆمەکی سەلیم‌پاشاوە نەچێت ئەگینا کافر ئەبێت • سـەلیم‌بەگ ئەمجارەش هیچی پێ نەکرا ناچار بــــە خۆی‌و خاوخێزانی‌یەوە هــەلاّتن بۆ ئێران •

لە جێگای سەلیم‌پاشا ، سلەیمان پاشای کوڕی خالدپاشـا لەســــەر تەختی جوکمرەوانی بابان دانیشت ئەم زاتە پیاوێکی ئازاو دووربین بــوو لەبەرئەوە لەماوەیەکی کەمدا وولاّتی بابانی ڕیک خستنەوە •

پاشان سلەیمان پاشای بەغدا کەوتـــە پەلامار دانی عوسمان‌پاشـای حاکمی حەریرو کۆیە ، ئەمانــە لەســــەر شـــاخی (دوکورت) خۆیان قایم‌کردبو • بەلاّم سوپای والی بەغدا ئابڵوقـــەی دان‌و ئاویـان لێ بڕین هەرچەندە ئازایانە پارێزگاری خۆیان کرد بـەلاّم ســـوودی نەبو دوایی زوریان کوژران‌و هێندێک دەرباز بوون‌و عوسمان پاشاو براکانی گیران‌و هەر لەوێ بە فرمـــانی والی ســــەریان بڕان • بەلاّم قوچ‌بـەگی برای عوسمان پاشا خۆی دەرباز کردو گەیشـتە قەلاّی هەولێرو لەوێ خۆی شاردەوە بەلاّم زوری نەبرد جێگاکەیان دوزیـــەوەو قــەلاّی هەولێریش ئابڵوقەدرا • سلەیمان‌پاشا داوای‌کرد لە قوچ‌بەگ کە خۆی بدا بەدەستەوە بەلاّم قایل نەبو ، ئەوسا ئابڵوقەدانەکە قایم تر کرا هەتا دوایی قەلاّکەیان داگیر کردو قوچ‌بــەگیش گیراو ئەویش وەکو براکانی ســــەری بەبڕین

چو • پاش ئەمانە سلەیمانپاشای والی بەغدا ، کە کوردستانی بۆ تەخت بوو بەرەو بەغدا گەرایـــەوە دوای ئەوەی سلەیمـــان بەگی کـــوڕی خالدپاشای کرد بە حاکمی بابانو لەقەبی پاشایەتی دایە •

● ●

# حکومەتی سلەیمان پاشای دووهەمی مەشهور بە کوژراو

سلەیمانپاشا بۆ بە حاکمی بابان ، وەکو باسی ئەکەن پیاوێکی لـــە خواترسو خاوەنی خوورەوشتی پاکو جوان بووە • ئاغریو سەنگینی لە رادەیەکدا بوو بە لووت بەرز یان متکبر ناویان ئەبرد • پاشـــایەکی بە زەبرو زەنگیش بوو ، نەبو لێی نەترسێ ، لەبەرئەمـــە ئاســـایش لـــە وولاتدا جارێکیتر بلاوو بۆوە • سلەیمانپاشای والی بەغـدا بۆ ئەوەی وولاتی بابان بەرامبەر بەمەترس ئێران قایم بکاتو نفوذو دەسەلاتی بـــە هێز تر بکات هات ناوچەی جەریرو کۆیەو ئالتون کۆپرىو زەندئابادیشی خستە سەر حکومەتی بابان • لە هەمان کاتدا بۆ ماوەی ١٠ ساڵ لە باجو خەرجی لێی خۆش بوو بۆ ئەوەی ببوژێتەوەو بـەو پارەیـــە چەکو جبەخانەی پێ پێک بهێنێو سوپایەکی باش دروست بکات • تەنیا بـــەو مەرجەی کە حکومەتی بابان بە چەکو سوپا یاریدەی حکومەتی بەغـدا لە تەنگانەدا بدات ئەم مەرجەش هـــەر ئەوەیـــە کەلـــە وەختی خۆیدا میرسولەیمان لەگەڵ حکومەتی عوسمانی بەستبوی کاتێ حکومەتی بابانی گواستەوە قەلاچوالانو حکومەتێکی سەربەخۆی پێکهێنا • سلەیمـــان

پاشاش لەسەر ئەم مەرجـــە قایل بوو بەو جۆرە کـــەوتە ریکخستنی وولاتو بوژاندنەوەی •

لەم سەردەمەو کاتەدا ، نادرشاه کوژرابو ، ئێران تێک چوبو بوبو بە بگرەو بەردە ، هەرچی هێزو دەسەلاتی لـە خۆیدا شک ئەبرد هاتبوە مەیانەوەو داوای تەختو تاجی ئێرانی ئەکرد • لەم وەختەدا بوو کـــە سەلیم پاشا رای کردە ئێران ، ئەیویست یارمەتیو کۆمەک لەمو لـــەو بسێنێ بۆ ئەوەی بدات بەسەر حکومەتی باباندا و حەقی خۆی بسێنێتەوە ، بەلام ئەچو بۆ لای هەر کەسێک ، سەری ئەکرد بە کۆشی هەر گـەورە پیاوێکدا بە دەستی خالی ئەگەڕایەوە چونکە ئەوانە خۆیان موحتـــاجی یارمەتی بوونو لە تاو خۆیان ئاگایان لەکەس نەبو • بەم جۆرە سەلیم پاشا دوو سال بەسەر ئەمو ئەودا ئەخولایەوە بێ ئەوەی هیچی چنگ بکەوێت• لە پاش ئەم دوو سالە رووی‌دا لە پیاوە گەورەکانی کـــورد کەریم خانی زەند سەروکی عەشرەتی زەند ناوی پەیدا کردو جێی خۆی قایم کردو ئەسفەهانو هەمو دەورو پشتی خستە ژێر دەسەلاتی خۆیەوە • ســـەلیم پاشا خۆی گەیاندە کەریم خان ، لەوێ زۆر خزمەتی کردو ئازایەتی‌یەکی زوری نوان• بەرامبەر بەمە کەریم خانیش هات بە دەنگی‌یەوەو لەشکرێکی دوانزە هەزاری دایەو ناردی‌یە سەر حکومەتی بابان[1] • ئەم لەشـــکرە زۆر بە بێ‌دەنگی‌و نهێنی هات هاتە گەیشتە ناوچەی مەریوان •

---

(١) بێ گومان ئەم یارمەتی‌یەی کەریم خان هەر لەبەرئەوە نەبـو بەلکو لە راستیا چاوی بڕیبوە بەغداو وولاتی بابانو ئەیویست ئەمـانـە هەموی بچنە ژێر دەسەلاتی خۆیەوە • باشترین پەردەش ئەم نیازەی پێ داپوشێ ناردنی سەلیم پاشا بوو بە ناوی یارمەتی‌و سەندنی حەقـەوە • بەتایبەتی بابان بۆ ئێران وەکو نینوکی دەولەتی عوسمانی وا بوو • (ک)

ئەم هاتنە زۆر کتو پڕ بو لەبەرئەوە حکومەتی قەڵاچوالان ئاگـادار نەبو لەسەرەتاوە • بەڵام هەر کە ئەو هێزە گەیشتە مەریوان سـەرداری قزڵجە خێرا نامەی ئاگاداری بۆ قەڵاچوالان نارد • سـولەیمان پاشا وا راهاتبو پاش نیوەروان ئەنوست • وا رووی‌دا لەو کاتەدا بو کـە تەتەر گەیشتە قەڵاچوالان ، سەرۆکەکانی بابان لێکیان دایەوە بەم دەست‌و بردە هێزێکی وەهایان بۆ کۆ ناکرێتەوە بەرەنگاری ئەم سوپا گەورەیـەی پێ بکەن • دواخستنی خۆ کۆکردنەوەش کارێـکی پڕ لـە مەترسی بوو ، کەسیش زاتی ئەوەی نەدەکرد سولەیمان پاشا لە خەو هەڵسـێنێ ، دوژمنیش هەموی دە سەعات رێ لە قەڵاچوالانەوە دووربو ، ئـەمـانیش بە تەنیا وە بەبێ راوێژو فەرمانی پاشا نەیان ئەتوانی هیچ بکەن • تـەواو سپرزە ئەبن ، ناچار یەکێک لەو هاو سوحبەتەکانی پاشا پێ ئەنێ بە دڵی خویاو ئەچێ ئەموستی پێی پاشا ئەگوشێ ، پاشا لە خەو خـەبـەری ئەبێتەوەو پرسیار ئەکا ، ئەویش تێی ئەگەیینێ کە دوژمن گەیشـتۆتە سنوری قەڵاچوالان‌و سەروکەکانی بابان چاوەڕوانی فرمانن • پاشا لەمـە رقی هەڵ ئەستێ‌و ئەڵێ : هەی بێ غیرەت گەورەکانی بابان چاوەروانی من ئەکەن ؟ وەکو ئافرەت دانیشتون‌و ئەیانەوێ من ئاگاداریان بکەم ؟ کابرا کەوا بە ئاسانی لە توڕەیی پاشا رزگاری ئەبێت بە دڵخۆشی‌یەوە دیتـەوە لای سەروکەکانی بابان‌و ئەمەیان بۆ ئەگێرێتەوەو ئەلێ پاشا ئەمەی ووت‌و نوستەوە ! (١) •

قارەمانانی بابان لەمە غیرەت ئەیانگرێ • سەلیم بەگی ناسراو بـە

---

(١) ئەم باسە کە بەم جۆرە گێڕاوەتەوە رێی تێ ئەچێ خـەیاڵی زۆر تیا بێت • دوانزە سوارەی مەریوانی پیرەمیرد بەم جۆرە ئەم رووداوە ناگێرێتەوە • (ک)

سەلیم سێ تەنگە کە ئاموزای پاشا ئەبێ ، لەگەڵ محمود بەگ و جوامیر ئاغاو ، بریندار ئاغاو ، زلال ئەحمەد ئاغاو ، محمد بەگی مەرگەیی و ، حمە رەش داروغاو ، ئەکرەمی مەلاهەمزە وە چەند کەسێکی تر کە دوانزە سواریان لێ پێک دێت و بە دوانزە سوارەی مەریوان ناوبانگیان دەرکردوە، هەر یەکە بەخزمەتکاریکەوە بەرەو ئۆردوی دوژمن ئەکەونە رێ(٢) •

ئەمانەن کە ناوی دوانزە سوارەی مەریوانیان خستە مێژووە ، ئەو ناوەی شوێنێکی بەرزی لە مێژوودا داگیر کردو هەتا هەتاشە هەر داگیری ئەکات و مایەی شانازی مللەتی کوردە • ئەمانە بێ فەرمانی پاشا ویستیان نەک هەر ئازایەتی خۆیان بنوێنن بەڵکو ئەوەشیان ویست کە بە خوێنی خۆیان بوونی وولاتەکەو میللەتەکەیان بپارێزن • لەبەرئەوە ئەم دوانزە قارەمانە وایان ئەزانی کە نەک بەرەو مەرگ بەڵکو رووبەرووی نەمری ئەچن • هەر ئەم گیانە بوو وای لێکردن کە هەتا ئێوارەی ئەو رۆژە شەست کیلومەتر ببرن و ئێوارە وەختە بگەنە نزیکی ئوردوگای دوژمن •

پلانی هێرشەکەیان وەها دانابو کە هەر دەستەیەکیان لەلایەکەوە پەلاماری دوژمن بدەن ، بۆ ئەوەی لە هەرچوارلاوە هێرشەکە ببرێت ،

---

(٢) لیرەدا تەنیا ناوی هەشت لە قارەمانەکانی دوانزە سوارەی مەریوانی داوە • پیرەمێرد ناوی هەمویانی لە دوانزە سوارەکەی مەریوانیدا داوە ، بەڵام هەتا ئەگەر ناوەکانی ئەویش بژمیرین ئەبینین چواردە وە نەک دوانزە ناون • مێژووی سولەیمانی ئەمین زەکی بەگ و کتیبەکەی لونگریک و مستر ریچیش ئەو ناوانەیان لە دەست نووسەکەی حسین ناظم بەگ وەرگرتوە کە ئەویش تەنیا ناوی هەشتیان ئەبات • بێ گومان نوسراوەکەی پیرەمێرد رەنگە لە هەمویان راستر بێت • هەروەها چەند نوسراوێکی مێژوویی رووداوی دوانزە سوارەی مەریوان لە زەمانی سولەیمان پاشادا دانانێن بەڵکو ئەیگەرێننەوە زەمانی سولەیمان بەبە • واتە سەرەتای دامەزراندنی بنەماڵەی بابان • (ک)

ئەمەش پاش ئەوەی دوو بەشی شەووبڕوات • بە مەرجێ لە کاتی هێرش بردنا هەر کەسە لە جێگای خۆی دەنگ بەرز بکاتەوە بـە ناوی خواوە ، وە خزمەتکارەکانیشیان لە جێگای خۆیان لە تەپڵ لێدان نەوەستن ئەمـە بۆ ئەوەی دوژمن وا بزانێت کە لە هەمو لایەکەوە پەلاماری دراوە بـــە سوپایەکی گەورە •

لە کاتو ساتی خوێدا لە هەر چوار لاوە پەلاماری دوژمنیاندا ، بە جۆرێک کەوتنە کوشتنو بڕین لەوە ئەچو سوپایەکی بێ شومار پەلاماری دابن • سوپای ئێران کە لە خەوی پاش نیوە شەوی شیرینا بوو ، تـەواو شپرزە بووو شیرازەی دەرچو ، سەلیم پاشا کە دەنگی سوارەی بـابـانی ئەناسی‌یەوە دڵ نیا بوو لەوەی کە شەبەیخونیـــــان لێ کراوە ، بـــەڵام دەسەڵاتی نەمابو ، کار بە جۆرێ لەکار ترازابو لەوەدا نەمابو کەس بـە قسەی سەلیم پاشا بکاتو خۆیان کۆ بکەنەوە • ناچار ئەویش کەوتـــــە تەقەللای خۆ رزگار کردن • کە دنیا رووناک بۆوە سوپای سەلیم پاشــــا قەڵاچۆ کرابوو وە زۆریان لێ کوژرابو ئەوی تریش پرشو بڵاو بوبۆوە، چەکو جبەخانەیەکی زۆریش بێ خاوەن لەو ناوەدا کـــــەوتبو • لـە قارەمانانی بابانیش لە دوانزە سوارەی مەریوانیش نۆیان کوژران • کـە سەلیم بەگو ئەکرەمی مەلا هەمزەو جەوامێر ئاغای زەنگەنـــەو ئەحمەد ئاغاو زوڵاڵ ئاغاو محمد بەگی مەرگەو لەگەڵ سـیانی تریـان • بـــەڵام سیانەکەی تریان ئەوە بریندار بوون • بەم کردەوەیەشـــیان جوانترینو ئازاترین وینەی خۆبەخت کردنیان بۆ میللەتی کورد بەجێ هێشت •

سولەیمان پاشاش ، لە قەڵاچوالان ، کە عەسر خەبەری ئەبێتـــەوە ئەوسا لەدەنگو باس ئەپرسێو نامەکەی سەرداری قزڵجە ئەخوێنێتەوە •

بێ گومان باس دوانزە سوارەی بۆ ئەکەن ، بروا ناکات کە ئەم دەستە سوارە هیچیان پێ بکرێت • لەبەر ئەوە خێرا فرمان ئەدا کە چی لە توانادایە کۆبکرێتەوە • خۆی لەگەڵ ئەو هێزە ئەڕوات و فەرمانیش ئەدات کە پەیتا پەیتا یارمەتی بە دوادا بنێرن • کە ئەگاتە قزلجە لەوێ ئاگاداری ئەکەن کە چۆن ئەو دوانزە قارەمانە سوپای ئێرانی دوانزە هەزاریسان شکان • ئەوەندەی بەشانازییەوە ئەو خەبەرە وەرئەگرێت هێندەش بۆ کوشتنیان دڵتەنگ ئەبێت • هەرچی ئازوخەی بەجێماو وە جبەخانەو چەک هەیە کۆی ئەکاتەوە لەگەڵ لاشەی قارەمانەکان بەرەو قەڵاچوالان ئەکەرێتەوە • ئەم قارەمانانە بەو ئازایەتییەیان کە جۆرە موعجزەیەک بوو قارەمانێتی بابانیان بۆ دۆست و دوژمن دەرخست و زەخیرەیەکی نەمریان لە وێنەی ئازایەتی و خۆبەختکردن بۆ میللەتەکەیان بەجێهێشت •

● ●

**تێ بینین :**

لیرەدا دەستنووسەکە تەواو ئەبێت بێ ئەوەی باسەکە تەواو بکات و بیگەیێنێتە سەردەمی دروست کردنی شاری سولەیمانی کە لە زەمانی ئیبراهیم پاشادا ساڵی ١١٩٩هـ - ١٧١٤م دروست کرا • وە لەم ماوەیەدا واتە لەو ساتەوە سەلیم پاشا سوپاکەی شکا ، هەتا هاتنی ئیبراهیم پاشا بۆ سەر تەختی بابان لەقەڵاچوالان ، وولاتی بابان رووداوی زۆر دی ، دووبەرەکی و شەڕی ناوخویی لەسەر شانۆکەیدا بە تیژی گەڕا چەند پاشاو حاکمیکی تر هاتنە سەر تەختەکەی • باشترین نوسراو کە ئەم سەردەمە روونئەکاتەوە کتیبەکەی ئەمین زەکی بەگە « مێژووی شاری سولەیمانی » • ك

٢٥/٧/١٩٦٩ (١٠٠٠)